# بیدعە و پۆلێنبەندییەکانی

نووسینی : سەعید حوا

بە کوردی کردنی: زێبار عزیزخان مهاجیر

# بەناوی خوای بەخشندەی میهرەبان

**ناسنامەی کتێب:**

ناوی کتێب: **بیدعە**

نووسینی: **سەعید حەوا**

وەرگێرانی: **زێبار عەزیزخان مهاجیر**

نەخشەسازی ناوەوە: **مهاجر محمد**

ناوی چاپخانە: **چاپخانەی شوان**

نۆرە و ساڵی چاپ: **یەکەم، ٢٠٢٢ز**

تیراژ: **١٠٠٠ دانە**

لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان ژمارەی سپاردنی (٨٦٥) بۆ ساڵی (٢٠١٩) پێدراوە.

ناونیشان: دیانا، سۆران، کوردستان (شەقامی گشتی). بۆ پەیوەندی کردن:

٠٧٥٠٢٢٨٢٩٩٥ Karwancenter18@gmail.com

# بیدعە و پۆلێنبەندییەکانی

نووسینی: سەعید حەوا

بەکوردی کردنی: زێبار عەزیزخان مەهاجیر

# بەناوی خوای بەخشندەی میهرەبان

## پێشەکی وەرگێڕ

مرۆڤ ئەو بوونەوەرە ڕێزدارەیە، کە خوای گەورە ژیری و عەقڵی بەهاداری پێداوە بۆ تێگەیشتن و پێگەیشتن، و گرتنەبەری ڕێگەی چاکەکاری و بەرەوخواچوون، ڕۆیشتن لەسەر ڕێڕەوی ژیان بەرەو ئامانجەکان بەشێوەیەکی ڕاست و ڕەوان، بۆ زیاتر یارمەتیدانی مرۆڤ، خوای مەزن و دلۆڤان پەیامی بۆ ناردووە، کە خۆی لە قورئانی پیرۆز و سوننەتی بەپێزدا دەبینێتەوە، بۆیە ئیسلام دینی دونیایە، نەوەك دین و دونیا، واتە: ئیسلام دین و بەرنامەی چۆنیەتی ژیانکردنە لەم دونیایەدا.

یەکێك لە پرسە مشتومڕئامێزەکان کە خەڵکانێکی زۆر پێیەوە سەرقاڵبوونە، بریتییە لە بابەتی بیدعە و جۆرەکانی، بەندە بە پێویستی زانی ئەم کتێبە بخاتە بەردەستتان، کە لە زمانی عەرەبییەوە بەکوردی کردووە، دانراوی (سەعید حەوایە) ڕەحمەتی خوای لێبێ، لە بنەڕەتدا بەشێکە لە زنجیرە کتێبی (الأساس في السنة وفقهها)، من بەبێ دەستکاری و وەرمگێڕاوە بۆ زیاتر دەوڵەمەند کردنی کتێبخانەی کوردی

و لادانی تەپوتۆز لەسەر ئەم بابەتە، کە بەداخەوە بووەتە ئامراز و بابەتێك بۆ لێکترازانی زیاتری موسڵمانان. بە ئومێدی ئەوەی توانیبێتم مەبەستەکە وەك خۆی بگوازمەوە.

لە کۆتاییدا دەمەوێ باس لەوە بکەم، کە بۆ ڕاڤەی ئایەتەکانی قورئانی پیرۆز سوودم بینیوە لە: تەفسیری ئاسان بۆ تێگەیشتنی قورئان، نووسینی بورهان محمد ئەمین، و سوپاسی بەڕێز: (م. مەلا عەبدوڵا شێرکاوەیی، م. سەرهەنگ عەبدولواحید، م. مهاجر محمد تاهر) بکەم کە زۆر ماندوو بوون و شەونخونیان کردووە بەهۆی پێداچوونەوە و هەڵەچنینی ئەم کتێبە، داواکارم لە خوای میهرەبان نووسەر بە بەهەشتی بەرین و فیردەوسی باڵا شاد بکات، ئەم کتێبەش بکاتە تێشووی دواڕۆژ و تای تەرازووی چاکەکانمی پێ سەنگین بکات.

**زێبار عەزیزخان مهاجیر**

**سۆران**

# بیدعە و پۆلێنبەندییەکانی

یەکێك لە سەلمێنراوەکانی ئیسلام، بریتییە لە دەستگرتن بە ڕێباز و سوننەتی پێغەمبەری خواوە (درود و سڵاوی خوای لێبێ)، خوای باڵادەست و خاوەن شکۆ لەم بارەوە فەرموویەتی: ﴿لَقَدْ كَانَ لَكُمْ فِي رَسُولِ اللَّهِ أُسْوَةٌ حَسَنَةٌ لِمَنْ كَانَ يَرْجُو اللَّهَ وَالْيَوْمَ الْآخِرَ وَذَكَرَ اللَّهَ كَثِيرًا﴾[1]. واتە: (سوێند بەخوا بەڕاستی لە پێغەمبەری خوادا چاکترین نموونەی تەواو و ڕێکوپێك هەیە تاچاوی لێ بکەن و شوێنی بکەون، بەتایبەت بۆ ئەو کەسانەی ڕەزامەندی خوایان مەبەستە، سەرفەرازی قیامەت ئاواتیانە، هەمیشە و بەردەوام یادی خوا بەزۆری ئەنجام دەدەن و زمانیان پاراوە بەیادی ئەو).

() أحزاب: ٢١.

یەکێکی تر لە بەڵگە سەلمێنراوەکانی ئیسلام، هۆشداریدانە لەبارەی بیدعە و ناپەسەندبوونی، بەڵام ئەم دوو بابەتە نەزانەکان لە موسڵمانانی ئاڵۆز دەکەن، بۆیە پێویستی بەڕوونکردنەوە بوو.

ئەوەی شوێنی ڕێبازی پێغەمبەر (درود و سڵاوی خوای لێبێ) و سوننەتەکەی دەکەوێت، شوێن پێ هەڵگرتنیەتی لە بابەتە گشتی و لاوەکییەکاندا، ئەمەش پێویستی بە تێگەیشتنە لە ژیاننامە و ئاشنابوون بە سوننەتەکانی، بەڵام پلەکانی پابەند بوون لەم بازنەیەدا، پێشەوا کۆششکارەکان و فەتوای دروستی کەسە شایستەکان دیاری دەکەن، لێرەدا سوننەتی جیاواز هەن، سوننەت هەیە نەریتە، سوننەتێکی تر هەیە پەرستشە، سوننەتێکی تر هەیە بەردەوامە، سوننەتی تریش هەیە کاتییە، مادەم موسڵمان پەیڕەوی فەتوای پێشەوایەکی کۆششکار یان زانایەکی متمانە پێکراو دەکات، ئەوا هەر لەسەر ئیسلام و سوننەتە و شوێن پێی پێغەمبەری خوای (درود و سڵاوی خوای لێبێ) هەڵگرتووە، چ لە ئاستێکی نزم یان لە ئاستێکی بەرزدا، مادەم موسڵمان لەسەر بیروباوەڕی ئیسلامییە، هەروەك بە ڕاشکاوانە لە قورئانی پیرۆز و سوننەتی بەپێزدا هاتووەو لەسەر تێگەیشتنی پێشەوا پایەدارەکانە لە بارەی دەقە وێکچووەکانی سوننەت، دواتر ئەو کەسە بە بیدعەچی

دانانرێ كه له دهقه یەك ماناكاندا پابەندی قورئان و سوننەته و له دهقه وێكچوو و فره ماناكانیشدا لەسەر ڕێڕەوی زانا پایەدارەكانه له پێشەوایانی ئەهلی سوننه و جەماعەته، جا ئەوەی ئەو كەسانه به گومڕا بزانێ كه شوێن پێشەوایان كەوتوون له هاوشێوەیەی ئەم دوو بابەتەی دواییدا، ئەوا خۆی سەرلێشێواوه، چونكه دەیەوێ ئومەت بخاته نێو باوەشی نەفامی و پێشەوایان تۆمەتبار بكات، لەكاتێكدا ئەوان لەمه دوورن.

مەترسیدارترین جۆری بیدعه، بریتییه له بیدعەی بیروەرباوەڕی، بەوەی مرۆڤ بەهۆیەوه لەوه دەردەچێ له كۆمەڵەی ڕزگاربوو بێ و دەچێته نێو چوارچێوەی حەفتا و دوو كۆمەڵەكه، كه پێغەمبەری خوا (درود و سڵاوی خوای لێبێ) بەدەق ئاماژەی بەوه كردووه كه شایستەی دۆزەخن، بیدعەی كرداریش دەچێته نێو خانەی بیدعەوه، بەڵام بڕیار لەسەر هیچ مرۆڤێك نادەین بەوەی بیدعەچییه، مادەم لەسەر تێگەیشتنی زانا پایەدارەكانه له شارەزابوون له وێكچوو و فرەماناكاندا، خوای پایەبەرز فەرموویەتی: ﴿وَمَا يَعْلَمُ تَأْوِيلَهُ إِلَّا اللَّهُ وَالرَّاسِخُونَ فِي

الْعِلْمِ﴾ [١]. ئەو شێوە خوێندنەوەیەی دەوەستێت لەسەر ئەم فەرمایشتەی خوای پایەبەرز: ﴿وَالرَّاسِخُونَ فِي الْعِلْمِ﴾ هەروەك باسمانكرد بە ڕاشكاوی ئاماژە بە قسەكەمان دەكات، بڕیار لەسەر كردارێك نادەین بەوەی بیدعەیە، بەڵام ئەگەر ڕاجیابوون لەسەر بیدعە و حەڕام بوونی، ئەوا ئەمە بۆ كەسی سادە فراوانە، و بۆ كەسی شارەزا لە ڕێچكەكانی بەڵگە هێنانەوەدا بەرتەسكترە، جا هەر كەسێك ئەوەی لا دەركەوت كە بەڵگەیەكی بەهێزتر دەیگەیەنێتە ئەوەی كردارێك بیدعەیە، ئەوا پێویستە لێی دوور بكەوێتەوە، بەڵام مافی ئەوەی نابێ بە توندی نكۆڵی بكات لەوەی لە ئەنجامدانی ئەو كردارەدا شوێن پێشەوای كۆششكار یان پێشەوایانی فەتوا دەكەون، ڕۆیشتن لەسەر بۆچوونی پێشەوایەك لە پێشەوا كۆششكارەكان، یان لەسەر فەتوای پێشەوایەك لە پێشەوا پایەدارەكان، ئەوا كەسەكە دەباتە دەرەوە لە تاوان و گوناهی بیدعەچێتی یان ناپەسەندبوون، مەگەر كەسەكە لەوانەبێ كە شارەزان لە ڕێچكەی بەڵگەكان، ئەوا پرسەكە سەبارەت بەوان توندترە،

---

(١) آل عمران: ٧.

بەڵام بۆ هیچ یەكێك نییە توندگیربێ بەرامبەر هیچ یەكێكی تر، مادەم لەسەر بۆچوونی پێشەوایەكی پایەدار و متمانە پێكراو دەڕۆن.

١- بوخاری و موسلیم، لە ئەبو عەبدوڵای نوعمانی كوڕی بەشیریان (خوایان لێ ڕازیبێ) گێڕاوەتەوە، وتویەتی: "إن الحلال بين، وإن الحرام بين، وبينهما أمور مشتبهاتٌ، لا يعلمهن كثير من الناس، فمن اتقى الشبهات، استبرأ لدينه وعرضه، ومن وقع في الشبهات وقع الحرام، كالراعي يرعى حول الحمى، يوشك أن يرتع فيه، ألا ولكل ملكٍ حمي، ألا وإن حمى الله محارمة، ألا وإن في الجسد مضغةً، إذا صلحت صلح الجسد كلُّه، وإذا فسدت فسد الجسد كله، ألا وهي القلب"[١] واتە: گوێبیستی پێغەمبەری خوا بووم دەیفەرموو: **حەڵاڵ ڕوونە، حەڕامیش ڕوونە، لە نێوانیاندا شتی لێكچوو هەن، كە زۆرێك لە خەڵك شارەزا نین لێیان، ئەوەی خۆی لە گومانهەڵگرەكان پاراست، ئەوا ئایین و شەرەفی خۆی پاراستووە، ئەوەش كە دەكەوێتە نێو گومانهەڵگرەكانەوە، ئەوا دەكەوێتە نێو حەڕامەوە، وەك ئەو شوانەیە كە بەدەوری پەرێزدا دەسوڕێتەوەو خەریكە بیبەزێنێ. بێگومان هەر پاشا و خاوەنێك پەرێز**

١) البخاري (١/ ١٢٦) -٢ - كتاب الإيمان -٢٩ - باب فضل من استبرأ لدينه.
مسلم (٣/ ١٢١٩) -٢٢ - كتاب المساقاة -٢٠ - أخذ الحلال وترك الشبهات.

**و سنووری هەیە، پەرێز و سنووری خواش قەدەغەکراوەکانیەتی.**
**بێگومان لە جەستەدا پارچە گۆشتێك هەیە، ئەگەر چاك بوو، ئەوا هەموو جەستە چاك دەبێ، ئەگەر خراپیش بوو، ئەوا هەموو جەستە خراپ دەبێ، بێگومان ئەم پارچە گۆشتەش دڵە.**

ئەم فەرموودەیە ئاماژەی بەوە کردووە کە هەندێك لە پرسەکانی حەڵاڵ و حەڕام وێکچوون کە زۆربەی خەڵك لێی شارەزا نین، تەنها کەسانێکی کەم نەبن، ئەوانیش پێشەوا کۆششکارەکانن[١] کە ڕادەمێنن لە دەقەکانی قورئان و سوننەت و توانای لێهەڵهێنجانیان هەیە، بەم پێیە ئەگەر زانایەك توانای کۆششی هەبوو، بەمەش وتەیەکی وت کە پێچەوانەی دەقێکی ڕاشکاوی قورئان یان سوننەت نەبوو، کە ماناکەی سەلمێنراو و بڕاوەیە، وتەکە هیچ دژێکی نەبوو، ئەوا بۆ کەسی موسڵمان هەیە بەبێ سەغڵەتی شوێنی بکەوێت، بەمەش هەرگیز نابێتە کەسێکی بیدعەچی، کەسی بیدعەچی ئەو کەسە کە لە بابەتی بیروباوەڕدا لەسەر بۆچوونێك بێ کە پێچەوانەی ڕای پێشەوا ڕۆچووەکان بێ لە زانستدا، لە

(١) پێشەوا کۆششکارەکان: ئەو زانا پایەدارانەن، کە مەرجە زانستییەکانی کۆششکردن (إجتهاد)ـیان تێدا هاتۆتەجێ، بەمەش دەتوانن هەڵهێنجان (إستنباط) لە دەقە شەرعییەکاندا بکەن بۆ دەرهێنانی حوکمی شەرعی. (وەرگێڕ).

بابەتە لاوەکی و کردارییەکانیشدا لەسەر بۆچوونی پێشەوا کۆششکارەکان نەڕوات، وەك لەم فەرموودەیە تێدەگەین لەبارەی پرسەکانی حەڵاڵ و حەڕام، و لەم ئایەتەش هەمان شت تێدەگەیەن: ﴿هُوَ الَّذِي أَنْزَلَ عَلَيْكَ الْكِتَابَ مِنْهُ آيَاتٌ مُحْكَمَاتٌ هُنَّ أُمُّ الْكِتَابِ وَأُخَرُ مُتَشَابِهَاتٌ فَأَمَّا الَّذِينَ فِي قُلُوبِهِمْ زَيْغٌ فَيَتَّبِعُونَ مَا تَشَابَهَ مِنْهُ ابْتِغَاءَ الْفِتْنَةِ وَابْتِغَاءَ تَأْوِيلِهِ وَمَا يَعْلَمُ تَأْوِيلَهُ إِلَّا اللَّهُ وَالرَّاسِخُونَ فِي الْعِلْمِ﴾ [1]؛

پێشەوا ئەحمە [2] لە عائیشەوە (خوای لێ ڕازیبێ) گێڕاویەتیەوە، وتویەتی: پێغەمبەری خوا (درود و سڵاوی لێبێ) ئەم ئایەتەی خوێندەوە: ﴿هُوَ الَّذِي أَنْزَلَ عَلَيْكَ الْكِتَابَ مِنْهُ آيَاتٌ مُحْكَمَاتٌ هُنَّ أُمُّ الْكِتَابِ وَأُخَرُ مُتَشَابِهَاتٌ﴾ تا گەیشتە: ﴿وَمَا يَذَّكَّرُ إِلَّا أُولُو الْأَلْبَابِ﴾، ئینجا فەرمووی: "إذا رأيتم الذين يجادلون فيه فهمن الذين عنى الله فاحذروهم" **واتە: ئەگەر کەسانێکتان بینی مشتومڕیان لەمانەدا کرد، ئەوا خوای گەورە لێرەدا مەبەستی ئەوانە، بۆیە وشیاری خۆتان بن لێیان.**

---

(١) آل عمران: ٧.

(٢) أحمد (٦/ ٤٨).

بوخاری ( ) و موسلیم و ئەبوداود لە عائیشەوە (خوای لێ ڕازیبێ) گێڕاویانەتیەوە، وتویەتی: پێغەمبەری خوا (درود و سڵاوی لێبێ) ئەم ئایەتەی خوێندەوە: ﴿هُوَ الَّذِي أَنْزَلَ عَلَيْكَ الْكِتَابَ مِنْهُ آيَاتٌ مُحْكَمَاتٌ هُنَّ أُمُّ الْكِتَابِ وَأُخَرُ مُتَشَابِهَاتٌ﴾ تا گەیشتە: ﴿وَمَا يَذَّكَّرُ إِلَّا أُولُو الْأَلْبَابِ﴾، ئینجا وتی: پێغەمبەری خوا (درود و سڵاوی لێبێ) فەرمووی: "فإذا رأيتم الذين يتبعون ما تشابه منه فأولئك الذين سمَّى الله فاحذورهم"، **واتە: ئەگەر کەسانێکتان بینی بەدوای وێکچووەکاندا دەچوون، ئەوا خوای گەورە لێرەدا مەبەستی ئەوانە، بۆیە وشیاری خۆتان بن لێیان.**

ئەو کەسانە دەچنە نێو ئەم بازنەیەوە، کە شوێن لێکچوو و فرە ماناکان کەوتوون، سەلمێنراو و یەك ماناکانیان فەرامۆشکردووە.

هەموو دەستە و کۆمەڵە گومڕاکان دەچنە نێو ئەم بازنەیەوە، هەروەك لە باسەکانی داهاتوودا ئەمە دەبینین.

---

() البخاري (٨/ ٢٠٩) -٦٥ - كتاب التفسير -١ باب {منه آيات محكمات}.
مسلم (٤/ ٢٠٥٣) -٤٧ - كتاب العلم -١ - باب النهي عن اتباع متشابه القرآن والتحذير من متبعيه...
أبو داود (٤/ ١٩٨) -كتاب السنة - باب مجانبة أهل الأهواء.

بەڵام ئەوەی شوێن زانا پایەدارەکانی ئەهلی سوننە و جەماعە بکەویَ لە زانستدا، ئەوانەی کە فرە مانا و وێکچووەکان لە ژێر ڕۆشنایی یەك ماناکان لێکدەدەنەوە، ئەوا ئەمانە زۆر دوورن لە بیدعەکاری.

خەڵکانێك توندگیریان نواندووە لە بابەتی بیدعەدا، بەهۆی خراپ تێگەیشتنەوە، بەمەش بڕیاری بیدعەبوونیان لەسەر هەندێك شتدا و بکەرەکانیان بە گومڕا دانا، کە پێشەوا کۆششکارەکان یان هەندێك لە کۆششکارەکان بەدروستیان داناوە، لەکاتێکدا ئەوان بۆیان نییە وا بکەن، چونکە تێگەیشتنیان بۆ ئەم فەرموودەیە (): "كلُ ما ليس عليه أمرنا فهو رد" واتە: **هەر شتێك بڕیاری ئێمەی لەسەر نەبێ ڕەوتکراوەیە.** هەڵەیە لەم بارودۆخەدا، فەرمان و بڕیاری پێغەمبەری خوا (درود و سڵاوی خوای لێبێ) ئەوەیە کە یەکدەگرێ لەگەڵ قورئان و سوننەت،

---

() البخاري (٥/ ٣٠١) – ٥٣ – كتاب الصلح – ٥ – باب إذا اصطلحوا على صلح جور فالصلح مردود.

مسلم (٣/ ١٣٤٣) – ٣٠ كتاب الأقضية – ٨ – باب نقض الأحكام الباطلة ورد المحدثات الأمور.

أبو داود (٤/ ٢٠٠) – كتاب السنة – باب في لزوم السنة.

ابن ماجة (١/ ٧) – المقدمة – ٢ – باب تعظيم حديث رسول الله صلى الله عليه وسلم والتغليظ على من عارضه.

ڕێچکەکانی تری کۆشش (إجتهاد) کە قورئان و سوننەت ئاماژەیان پێکردووە، وەك: پێوانە (قیاس) و یەکدەنگی و بەچاکدانان (إستحسان) — لەلای ئەوانەی بە بنەمای دایدەنێن — بە دادوەر دانانی نەریت لەوەی دەق لێی بێ دەنگ بووە، — لەلای ئەوانەی بە بنەمای دایدەنێن — هەموو ئەمە دەچێتە نێو بازنەی فەرمان و بڕیاری پێغەمبەری خواوە (درود و سڵاوی خوای لێبێ)، بەڵام هەموو کەسێك ناتوانێت بەچاکی ئەوە هەڵبهێنجێت کە ڕێك و گونجاوە لەگەڵ بڕیاریی پێغەمبەری خواوە (درود و سڵاوی خوای لێبێ)، تەنها ئەو کەسە نەبێ کە گەیشتووەتە پلەی کۆشش یان پێشەوایەتی لە فەتواداندا، هاووێنەی ئەوانە دەتوانن جیاکاری بکەن لە نێوان ئەوەی گونجاوە و ئەوەش کە نەگونجاوە لەگەڵ بڕیاری پێغەمبەری خوا (درود و سڵاوی خوای لێبێ) و هاوەڵانی (خوایان لێ ڕازیبێ) لە بواری بیروباوەڕ و کرداردا، دواتر شوێنکەوتنی فەتوای یەکێك لە کۆششکاران دوای ئەوەی کۆکە لەگەڵ شەرع، کەسەکە دووردەخاتەوە لەوەی لە بیدعەکاران بێ، ئەمەی ئێمەی باسمانکرد گەواهی بۆ دراوە لەلایەن کردەوەی هاوەڵانەوە، زۆرجار وا ڕوویداوە هاوەڵێك قسەی وتوە یان کارێکی کردووە لەسەر بنجینەی تێگەیشتنی لە شەریعەت، بێ ئەوەی دەقێکی تایبەت هەبێ لەسەر ئەم

قسە یان کردەوەیەی، پێغەمبەری خوا (درود و سڵاوی خوای لێبێ) ئەم کارەی هاوەڵانی بە دڵ بوو، ئەگەر ڕەزامەند بووبا لەسەر قسە یان کردەوەیەکی هاوەڵان ئەوا فەرمانی دەکرد جێبەجێ بکرێ، ئەگەرنا ڕاستی دەکردەوە، ئەم کارە کە هاوەڵان دەیانکرد تێگەیشتن بوو لە دەقەکان، پێغەمبەری خوا (درود و سڵاوی خوای لێبێ) دانیپێدا دەنا و پێی سەرسام دەبوو، ئەمە وای لە ئێمە کرد بڵێین: زۆرێك لە کۆششەکان کە دوای پێغەمبەری خوا (درود و سڵاوی خوای لێبێ) دروست بوون، لەوانەیە گونجاو و ڕێك بن لەگەڵ بڕیاری پێغەمبەری خوا (درود و سڵاوی خوای لێبێ) یان نەگونجاو بێ لەگەڵیدا، کەواتە کێ بڕیار لەسەر دروستی و نادروستیەکەی دەدات؟ بێگومان پێشەوا کۆششکار و پێشەوا فەتوادەرەکان ئەم کارە دەکەن، کە شایستەن بۆ جیاکردنەوەی گونجاو و نەگونجاو لەگەڵ بڕیاری خوا و پێغەمبەری خوا (درود و سڵاوی خوای لێبێ)، ئەگەر کۆششکار و پێشەوایان کۆك و یەکدەنگ بوون لەسەر هەر شتێك، ئەوا بۆ هیچ موسڵمانێ نییە سەرپێچی بکات، ئەگەر ڕاجیابوون لەسەر هەر شتێك، ئەوا بازنەکە فراوان دەبێ، هەندێك جار مشتومڕ لە نێوانیاندا دروست بوو، دواتر ئومەت لەسەر شتێك دەگیرسێتەوە، جا دوای گیرسانەوەی ئومەت لەسەر هەر شتێك، ئا

لێرەشدا نابێ هیچ یەکێك سەرپێچی بکات، ئەوەی پێچەوانەی بجولێتەوە، ئەوا بیدعەچییە.

هەندێکیان جار وایە لەسەرەتاوە شوێن کردەوەی هاوەڵان کەوتوون، بێ ئەوەی فەرمانێکی تایبەت لەوبارەوە هەبێ، پێغەمبەری خواش (درود و سڵاوی خوای لێبێ) ئەمەی پەسەندکردووە، ئەمە هەمووی گەواهی دەدات لەسەر ئەوەی باسمانکرد، جا لەم بارەوە ئەم بابەتانەی خوارەوە باسکراون:

٢- **فەرموودەی یەکەم**[١]: بوخاری و موسلیم لە ئەبو هورەیرەوە (خوای لێ ڕازیبێ) گێڕاویانەتەوە: "یا بلالُ حدثني بأرجى عملٍ عملته في الإسلام فإني سمعت دَف نعليك في الجنة". قال: ما عملتُ عملاً أرجى عندي أني لم أتطهر طهوراً في ساعة من ليل أو نهار إلا صليتُ بذلك الطهور

---

١) البخاري (٣/ ٣٣، ٣٤) – ١٩ – كتاب التهجد – ١٧ – باب فضل الطهور بالليل والنهار، وفضل الصلاة بعد الوضوء بالليل والنهار.
مسلم (٤/ ١٩١٠) –٤٤ – كتاب فضائل الصحابة – ٢١ – باب من فضائل بلال رضي الله عنه.
أحمد (٢/ ٣٣٣).

ما كُتب لِي" واتە: پێغەمبەری خوا (درود و سڵاوی خوای لێبێ) لەكاتی نوێژی بەیانیدا بە بیلالی فەرموو: **"ئەی بیلال باسی چاكترین كردەوەی خۆتم بۆ بكە، كە لە ئیسلامدا ئەنجامت دابێت، چونكە من گوێبیستی دەنگی نەعلەكانت بووم لە بەهەشتدا"**. بیلال وتی: هیچ كارێك كە كردبێتم لەلام چاكتر نەبووە لەوەی هەر كاتێك دەستنوێژم هەڵگرتبێ، لە شەو یان ڕۆژدا، ئەوا بەم دەستنوێژە نوێژم كردووە كە لەسەرم نووسراوە.

لە گێڕانەوەی تورمزیدا( ) پێغەمبەر (درود و سڵاوی خوای لێبێ) بە بیلالی (خوای لێ ڕازدبێ) فەرمووە: "بِمَ سبقتني إلى الجنة"؟ قال: ما أذنتُ قط إلا صليت ركعتين، وما أصابني حدث قط إلا توضأت ورأيت أن لله علي ركعتين. فقال النبي صلى الله عليه وآله وسلم: "بهما نِلت" أي تلك المنزلة. واتە: **بە چی لە پێش من كەوتوی بۆ بەهەشت؟** بیلال (خوای لێ ڕازدبێ) وتی: هەر كە بانگ دەدەم ئەوا دوو ڕكائەت نوێژ دەكەم، هەر كە دەستنوێژم نامێنێ، ئەوا دەستنوێژ دەگرم و وا هەست دەكەم كە

---

() الترمذي (٥/ ٦٢٠) – ٥٠ – كتاب المناقب – ١٨ – باب في مناقب عمر بن الخطاب رضي الله عنه. وقال: هذا حديث صحيح غريب.

المستدرك (٣/ ٢٨٥). وقال صحيح على شرطهما. وأقره الذهبي.

پێویستە دوو ڕکات نوێژ بۆ خوا بکەم. پێغەمبەر (درود و سڵاوی خوای لێبێ) فەرمووی: **"بەمە ئەم پێگەیەت بەدەستهێناوە"**، واتە: بەمە گەیشتوویت بەم پلەوپایەیە.

حافز ئیبن حەجەڕ لە کتێبی (فتح الباری)ـدا وتویەتی: ئەمە لەوە بەدەستدەخرێ کە دروستە کۆشش بکرێ لە دیاریکردنی کاتی خواپەرستیدا، چونکە بیلال گەیشتە خواپەرستییەکەی بە ڕامان و بۆچوونی خۆی بوو، پێغەمبەر (درود و سڵاوی خوای لێبێ) پاڵپشتی کرد، ئەم فەرموودەیە هاووێنەی فەرموودەی خوبەیبە، کە لە بوخاریدا هاتووە: کە یەکەم کەس بووە دوو ڕکات نوێژی دانا بۆ ئەوانەی کە بە هێواشی دەکوژرێ (١).

ئەم فەرموودانە ڕوون و ڕاشکاون لەسەر ئەوەی بیلال و خوبەیب کۆششیان کردووە لە دیاریکردنی کاتی خواپەرستیدا، پێشتر لەلایەن پێغەمبەر (درود و سڵاوی خوای لێبێ) فەرمان یان کردارێکی لەو جۆرە ئەنجام نەدرابوو، تەنها داوایەکی گشتگیری لەوبارەوە کردبوو. نوێژ خێر و چاکەیەکی دانراوە، کەم یان زۆری لێ ئەنجام بدە، هەروەك لە

---

(١) فتح الباري ٣/ ٣٤.

فەرموودەکەدا هاتووە، جا ئەگەر یەکێك ویستی نوێژ بکات لەو کاتانەی ڕێگری کراوە لە کردنی نوێژ، ئەوا دەچێتە خانەی بیدعەوە، لەلای ئەوانەی پێیان وایە قەدەغەبوونەکە گشتییە، بە پێچەوانەوە ناچێتە نێو خانەی بیدعەوە لەلای ئەوانەی پێیان وایە قەدەغەبوونەکە تایبەتە بە نوێژی سوننەتی بێ هۆکار، لەگەڵ ئەوەی شافیعییەکان (ڕەحمەتی خوایان لێبێ) قەدەغەبوونەکە تایبەت دەبەستنەوە بەوەی کاتەکەی دیارینەکراوەو بێ هۆکارە، کەچی لەگەڵ ئەوەشدا ئەوان ڕاجیان سەبارەت بە سوننەتی دەستنوێژ، پێشەوا غەزالی ڕێگری لە سوننەتی دەستنوێژ دەکات، جا لەو بارەوە دەڵێت: دەستنوێژی گرت تا نوێژ بکات، نەوەك نوێژ دەکات بەهۆی ئەوەی دەستنوێژی گرتۆتەوە. سوننەتی دەستنوێژ هۆکاری خۆی نییە.

جا هەر یەکێك لە زانایان ڕێباز و تێگەیشتن و هەڵهێنجانی خۆی هەیە (خوا لە هەر هەموویان ڕازیبێ).

٣- **فەرموودەی دووەم**[١]: كە بوخاری لە ڕوفاعەی كوڕی ڕافعەوە گێڕاویەتیەوە، وتویەتی: ئێمە لە دوای پێغەمبەری خواوە (درود و سڵاوی خوای لێبێ) نوێژمان دەكرد، كاتێك لە ڕكوعەوە سەری بەرز كردەوە، فەرمووی: "سمع الله لمن حمده" واتە: بەڕاستی خوا گوێبیستی ئەوەیە كە ستایشی دەكات. كەسێك لە پشت ئەوەوە وتی: "ربنا ولك الحمد، حمداً كثيراً طيباً مباركاً فيه" واتە: پەروەردگارا؛ سوپاس و ستایشی بێ ژمار و پاك و پیرۆز هەر بۆ تۆیە. كاتێك پێغەمبەری خوا (درود و سڵاوی خوای لێبێ) لە نوێژ بووەوە، فەرمووی: **"كێ بوو وای وت؟"** پیاوەكە وتی: من بووم. پێغەمبەری خوا (درود و سڵاوی خوای لێبێ) فەرمووی: "رأيت بضعةً وثلاثين ملكاً يبتدرونها أيهم يكتبها" واتە: **بینیم سی و سێ فریشتە پێشبڕكێیان بوو لەسەر نووسینی وتەكەت.**

ئیبن حەجەڕ لە كتێبی (فتح الباری)ـدا وتویەتی: ئەمە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی زیكر داهێنان لە نوێژدا لە پێشینانەوە ڕەوا و دروست بووەو دروستە، بە مەرجێك پێچەوانەی شوێنەواری پێشینان نەبێ،

---

[١] البخاري (٢/ ٢٨٤) – ١٠ – كتاب الآذان – ١٢٦ – باب حدثنا معاذ بن فضالة.

**هەروەها** ئەمە بەڵگەشە لەسەر ئەوەی زیکرکردن بە دەنگ دروستە، مادەم لە کەسانی تر ئالۆز نەکات.

عەبدوڕەزاق سەنعانی لە موسنەفدا (١) **هاوشێوەی** ئەمەی لە ئیبن عومەرەوە (خوا لێی ڕازیبێ) گێڕاوەتەوە، لەکاتێك کە خەڵك سەرقاڵی نوێژکردن بوون، پیاوێك **هاتە** ژوورەوە و کاتێك گەیشتە ڕیزی نوێژخوێنان وتی: "الله أكبر كبيرًا، والحمد لله كثيراً، وسبحان الله بكرةً وأصيلاً" واتە: بەڕاستی خوای گەورە مەزنی بێ ئەندازە و **هاوتایە**، سوپاس و ستایشی بێ ئەندازە **هەر** بۆ خوای گەورەیە، پاك و بێگەردی بۆ خوا لە بەیانیان و ئێوارانداا. کاتێك پێغەمبەری خوا (درود و سڵاوی خوای لێبێ) لە نوێژەکەی بووەوە، فەرمووی: **"کێ بوو ئەم وشانەی وت؟"** پیاوێك وتی: من بووم ئەی پێغەمبەری خوا (درود و سڵاوی خوای لێبێ)، سوێند بەخوا تەنها مەبەستی چاکم هەبوو لە وتنی ئەمەدا. پێغەمبەری خوا (درود و سڵاوی خوای لێبێ) فەرمووی: **"لقد رأيت أبواب السماء فتحت لهن"**، واتە **بینیم دەرگاکانی ئاسمان بۆ ئەم وشانە**

---

(١) المصنف (٢/ ٧٦).

**خرانەسەر پشت.** ئیبن عومەر "خوا لێی ڕازیبێ" وتی: لەوەتەی گوێبیستی ئەم وشانە بووم من وازم لێیان نەهێناوە.

نەسائی[1] هەمان فەرموودەی گێڕاوەتەوە، بەڵام لەم فەرموودەیەدا پێغەمبەری خوا (درود و سڵاوی خوای لێبێ) فەرموویەتی: "لقد ابتدرها اثنا عشر ملكاً"، واتە: **دوازدە فریشتە دەستپێشخەربوون بۆ ئەوەی ئەم وشانە بنووسن.** لە گێڕانەوەیەکی تردا کە بەهەمان جۆر لە سونەنی نەسائیدا[2] هاتووە: پێغەمبەری خوا (درود و سڵاوی خوای لێبێ) تیایدا

---

**(١)** النسائي (٢/ ٢٢٥) – ١١ – كتاب الإفتتاح – ٨ – باب القول الذي يفتتح به الصلاة.

**(٢)** النسائي، الموضع السابق.

ئەم فەرموودەیە لە سەحیحی موسلیم و سونەنی ئەبو داوددا لە ئەنەسەوە هاتووە، هەروەها لە سونەنی ئەبو داوددا لەسەر زاری ڕوفاعەی کوڕی ڕافعی زەڕقیش هاتووە. فەرموودەیەکی تر لە عەبدوڵای کوڕی عامرەوە هاتووە، کە لە باوکی گێڕاویەتیەوە، وتویەتی: "گەجێك لە پشتیوانان – ئەنسارەکان – کە لە دواوەی پێغەمبەری خواوە (درود و سڵاوی خوای لێبێ) نوێژی دەکرد پژمینی هات، دوای پژمینەکەی فەرمووی: سوپاس و ستایشێکی بێ ژمار و پاك و پیرۆز بۆ پەروەردگارمان، تا پەروەردگارمان ڕازی دەبێ لە کاری دونیا و دواڕۆژ، کاتێك پێغەمبەری خوا (درود و سڵاوی خوای لێبێ) لە نوێژ بووەوە، فەرمووی: **"کێ بوو ئەم وشانەی وت؟"** هەر لەم گێڕانەوەیەدا هاتووە پێغەمبەری خوا (درود و سڵاوی

فەرموویەتی: "عجبت لها"، واتە: **سەرسامبووم بەم وشانە.** فەرمایشتێکی لەم جۆرەی فەرموو: "**فتحت لها أبواب السماء**"، واتە: **دەرگاکانی ئاسمان بۆ ئەم وشانە خرانەسەر پشت.** لەم گێڕانەوەیەدا ئیبن عومەر (خوا لێی ڕازیبێ) فەرموویەتی: هەرگیز وازم لەو وشانە نەهێناوە لەوەتەی بیستم کە پێغەمبەری خوا (درود و سڵاوی خوای لێبێ) وای فەرمووە.

بڕوانە – خوای گەورە ئێمە و ئێوە سەر بخات – چۆن پێغەمبەری خوا (درود و سڵاوی خوای لێبێ) دانینا بە زیکرە زیادەکەی سەرەتای دەستپێکردنی نوێژ، لە کاتێکدا ئەم زیکرە پێشترە لەلایەن ئەوەوە ئەنجام نەدرابوو، هەروەها دانینا بەوەی ئەوەی ئەم زیکرەی کردووە پلەی بەرز و ڕەزامەندی خوای بۆ هەیە، ئەمەش لەبەر ئەوەی ئەمە یەکێك بوو لەو دوو شوێنانەی کە لە نوێژدا ستایشی خوا دەکرێ.

مەبەست لێرەدا ئەوەیە کە پێغەمبەری خوا (درود و سڵاوی خوای لێبێ) داهێنانی زیکری لە نوێژدا لەلایەن هاوەڵانەوە پەسەند کردووە، ئەگەر ئەو زیکرە لە پێغەمبەری خواشەوە (درود و سڵاوی خوای لێبێ)

---

خوای لێبێ) فەرموویەتی: "فما تناهت دون عرش الرحمن تبارك وتعالى" واتە: **ئەم وشانە نەگیرسانەوە تەنها لە خزمەت تەخت و عەرشی خوای پاك و بەرز نەبێ.**

بەجێنەمابێ، ئەمە جێی بەڵگە هێنانەوەیە هەروەك پێشتر باسمانكرد، ئەم زیكر داهێنانە كۆشش و هەڵهێنجانێك بوو لەلایەن دوو هاوەڵەكەوە.

٤– فەرموودەی سێیەم (١): بوخاری لە ئەنەسەوە (خوای لێ ڕازیبێ) گێڕاویەتیەوە، وتویەتی: "كان رجل من الأنصار يؤمهم في مسجد قُباء كلما قرأ افتتح سورة يقرأ بها لهم في الصلاة مما يقرأ به ثم افتتح بقل هو الله أحد حتى يفرغ منها، ثم يقرأ سورة أخرى معها، وكان يصنع ذلك في كل ركعة، فكلمة أصحابهُ فقالوا: إنك تفتتحُ بهذه السورة ثم لا ترى أنها تُجزئُكَ حتى تقرأ بأخرى، فإما أن تقرأ بها، وإما أن تدعها وتقرأ بأخرى. فقال: ما أنا بتاركها، وإن أحببتم أن أؤمكم فعلت، وإن كرهتم تركتكم. وكانوا يرون أنه من أفضلهم، وكرهوا أن يؤمهم غيره، فلما أتاهم النبي صلى الله عليه وآله وسلم أخبروه فقال: "يا فلان ما يمنعك أن تفعل ما يأمرك به أصحابك، وما يحملك على لزوم هذه السورة في كل ركعة"؟ فقال: إني أحبها. فقال النبي صلى الله عليه وآله وسلم: "حبك إياها أدخلك الجنة" واتە: پیاوێك لە پشتیوانان (ئەنسار) پێشنوێژی بۆ موسڵمانان دەكرد لە مزگەوتی قوباء، هەر كە دەستی بە قورئان خوێندن دەكرد، ئەوا لە دوای

(١) البخاري (٢/ ٢٥٥) – ١٠ – كتاب الآذان – ١١٦ – باب الجمع بين السورتين في الركعة.

خوێندنی سورەتی فاتیحە، دەستی دەکرد بە خوێندنی سورەتی (ئیخلاس) تا لێی دەبووەوە، ئینجا سورەتێکی تری لەگەڵ سورەتی (ئیخلاس)دا دەخوێند، ئەم کارەشی لە گشت ڕکاتێکدا دووبارە دەکردەوە، هاوەڵانی قسەیان لەگەڵدا کرد و وتیان: تۆ دوای سورەتی "فاتیحە" بە سورەتی "ئیخلاس" دەستپێدەکەیت، دواتر پێت وایە کە سورەتی ئیخلاس بەس نییە بۆیە سورەتێکی تریشی لە پاڵدا دەخوێنی، جا یان ئەوەتا تۆ دەبێ سورەتی "ئیخلاس" بخوێنی، یان وازی لێدەهێنی و تەنها سورەتێکی تر دەخوێنی. پێشنوێژخوێنەکە وتی: من واز لە خوێندنی سورەتی "ئیخلاس" ناهێنم، ئەگەر پێتان خۆشە ئەوا پێشنوێژتان بۆ دەکەم، ئەگەر پێشتان ناخۆشە ئەوا واز لە پێشنوێژکردن دەهێنم. ئەوان وایان دەبینی ئەو لە هەمووان چاکترە، بۆیە پێیان ناخۆشبوو جگە لەو پێشنوێژیان بۆ بکات، جا کاتێك پێغەمبەری خوا (درود و سڵاوی خوای لێبێ) هاتە لایان، کێشەکەیان بۆ باسکرد، پێغەمبەری خوا (درود و سڵاوی خوای لێبێ) فەرمووی: "فڵان کەس" چ شتێك ڕێگریت لێدەکات لە جێبەجێکردنی داواکەی هاوەڵانت، چ شتێك وات لێدەکات لە گشت ڕکاتێکدا ئەم سورەتە بخوێنی؟" پیاوەکە وتی: من ئەو سورەتەم خۆشدەوێ. پێغەمبەری خوا (درود و

سڵاوی خوای لێبێ) فەرمووی: **"خۆشەویستیەکەت بۆ ئەم سوڕەتە وای کردووە بچیتە بەهەشتەوە"**.

ئیبن حەجەڕ لە کتێبی (فەتحولباری)دا وتویەتی: (فەرمایشتەی پێغەمبەری خوا (درود و سڵاوی خوای لێبێ) کە فەرموویەتی: چ شتێك ڕێگری لێکردی، و چ شتێك وایلێکردی. پێغەمبەری خوا (درود و سڵاوی خوای لێبێ) لەبارەی دوو شتەوە پرسیاری لێکردووە، کەچی پیاوەکە تەنها بەمە وەڵامی داوەتەوە: من خۆشمدەوێت. ئەمە وەڵامی پرسیاری دووەمە، وادەخوازێ وەڵامی پرسیاری یەکەمیش هەڵبگرێ، کە بریتییە لە جێبەجێکردنی سوننەتی بۆماوە لە نوێژدا. ئەو ڕێگرەی وای لە پیاوەکە کرد داواکەی هاوەڵاکـی ڕەتکاتەوە، پێکهاتووە لە خۆشەویستی و سوننەتی بۆماوە، ئەوەی واشی لە پیاوەکە کردووە ئەم کارە بکات، تەنها خۆشویستنی سوڕەتەکە بووە، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ کابرا کارێکی کردووە کە زیادەیە و پێغەمبەری خوا (درود و سڵاوی خوای لێبێ) نەیکردووە. کە پێغەمبەری خوا (درود و سڵاوی خوای لێبێ) مژدەی بەهەشتیشی بە پیاوەکە داوە، بەڵگەیە لەسەر ئەوەی ڕەزامەند بووە لەسەر کارەکەی. ناسڕەدین ئیبن مونیر سەبارەت بەم فەرموودەیە وتی: **"نیاز و مەبەستەکان هۆکاری گۆڕانی حوکمی**

**کردەوەکانن، چونکە بۆ نموونە: ئەگەر پێشنوێژخوێنەکە ئەگەر وتبای: هۆکاری جێبەجێنەکردنی داوای هاوەڵانی ئەوەیە کە تەنها ئەو سوڕەتەی لەبەرە. ئەو کاتە دەکرا پێغەمبەری خوا (درود و سڵاوی خوای لێبێ) فەرمانی پێکردبا سوڕەتی دیکە لەبەر بکات، بەڵام پیاوەکە پاساوی بەوە هێنایەوە کە سوڕەتەکەی خۆشدەوێت، بەمەش ڕاست و دروستی نیازەکەی بەدەرکەوت، بۆیە پێغەمبەری خوا (درود و سڵاوی خوای لێبێ) ڕەزامەند بوو و دانیپێدانا".**

هەروەها وتویەتی: ئەم فەرموودەیە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی، دروستە بەشێکی قورئان بە پێی خواستی دەروون تایبەت بکرێ، بەوەی زۆر گرنگی پێبدرێ و زۆر بخوێنرێتەوە، ئەمەش بە مانای وازهێنان نایەت لە بەشەکانی تر، جا لەگەڵ ئەم دانپێدانانە لەلایەن پێغەمبەری خواوە (درود و سڵاوی خوای لێبێ) و مژدەدانی پێغەمبەری خوا (درود و سڵاوی خوای لێبێ) بەو پیاوە بەوەی بەهەشتییە، ئەوا نەمانبینیوە هیچ یەکێك لە زانایان و تەنانەت هاوەڵانیش (خوا لێیان ڕازیبێ) لە پێشتردا نەیانوتووە کە ئەم کارەی ئەم هاوەڵە سوننەتێکی چەسپاوە، چونکە ئەوەی پێغەمبەری خوا (درود و سڵاوی خوای لێبێ) لەسەری بەردەوام بووە، پێویستە موسڵمانان لەسەر ئەوە بەردەوام بن، بەڵام

ئەوەندە هەیە ئەمە بەڵگەمان پێدەبەخشێت لەسەر ئەوەی شتی لەم جۆرە ئەگەر لە ڕووكەشدا پێچەوانەی كرداری پێغەمبەری خوا (درود و سڵاوی خوای لێبێ) بێ بە گشتی، ئەوا ئەم بوارە زۆر فراوانە و وانییە وەك ئەوەی هەندێك بۆیدەچن، بەڵكو مادەم كردەوەكە لە چوارچێوەی ڕێپێدانی شەرعدایە ئەوا ڕەوایە، "دەچێتە نێو هێڵە گشتییەكانی شەریعەتەوە").

٥- **فەرموودەی چوارەم:** بوخاری لە عائیشەوە (خوا لێی ڕازیبێ) دەگێڕێتەوە، "أن النبي صلى الله عليه وآله وسلم بعث رجلاً على سريةٍ، وكان يقرأ لأصحابه في صلاته فيختمُ بقل هو الله أحد فلما رجعوا ذكروا ذلك للنبي صلى الله عليه وآله وسلم، فقال: "سلوه لأي شيء يصنع ذلك". فسألوه، فقال: لأنها صفة الرحمن وأنا أحب أن أقر بها فقال النبي صلى الله عليه وآله وسلم: "أخبروه أن الله يحبه"، واتە: پێغەمبەری خوا (درود و سڵاوی خوای لێبێ) كەسێكی كردە سەركردەی كۆمەڵە جەنگاوەرێك كە بۆ كاری پێویست ڕۆیشتبوونە دەرەوە، كەسەكە لە نوێژدا قورئان خوێندنەكەی بە سورەتی "ئیخلاس" كۆتایی پێدەهێنا، كاتێك گەڕانەوە ئەمەیان بۆ پێغەمبەری خوا (درود و سڵاوی خوای

لێبێ) باسکرد، پێغەمبەری خواش (درود و سڵاوی خوای لێبێ) فەرمووی: **"لێی بپرسن بۆچی ئەم کارە دەکات"**. ئەوانیش لێیان پرسی، لە وەڵامدا وتی: "چونکە وەسفی خوای میهرەبانی تێدایە، بۆیە من پێم خۆشە بیخوێنمەوە". جا پێغەمبەری خوا (درود و سڵاوی خوای لێبێ) فەرمووی: **"پێی ڕابگەیەنن کە خوای گەورە ئەوی خۆشدەوێت"** [1].

ئیبن حەجەڕ لە کتێبی (فەتحولباری)ـدا وتویەتی: ئیبن دەقیقی عید وتویەتی: ئەمە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی، کەسەکە سوڕەتی دیکەشی لە هەر ڕکاتێکدا دەخوێند، دواتر سوڕەتی ئیخلاسی بەدوایاندا دەخوێند، ئەمە لە فەرموودەکەدا دیارە. دەشکرێ مەبەستی ئەوەبێ کە لە ڕکاتی کۆتاییدا بەتایبەت لە دوای سوڕەتی فاتیحە سوڕەتی ئیخلاسی خوێندوو [2]. هەر یەکێك لەم دوو کارانە پێغەمبەری خوا (درود و سڵاوی

(1) البخاري (١٣/ ٣٤٧) – ٩٧ – كتاب التوحيد – ١ – باب ما جاء في دعاء النبي صلى الله عليه وسلم أمته إلى توحيد الله تبارك و تعالى.
مسلم (١/ ٥٥٧) – ٦ – كتاب صلاة المسافرين وقصرها – ٤٥ – باب فضل قراءة (قل هو الله أحد).

(2) فتح الباري (١٣/ ٣٥٦).

خوای لێبێ) نەیکرد بوو، کەچی دانینا بەوەی خاوەنەکە پلەی هەرە بەرزی بۆ هەیە، بەوەی مژدەی پێدا کە خوای گەورە ئەوی خۆشدەوێت.

لەگەڵ هەموو ئەمەشدا نەمانزانیوە هیچ یەکێك لە زانایان وتبێتی: خوێندنی سورەتی ئیخلاس لە سەرەتادا سوننەتە، هەروەك لە فەرموودەی پێشوودا هاتووە، هەروەها نەشیانوتووە خوێندنی سورەتی ناوبراو لە کۆتایی هەر ڕکاتێك یان لە ڕکاتی کۆتاییدا سوننەتە، چونکە ئەوەی پێغەمبەری خوا (درود و سڵاوی خوای لێبێ) بەردەوام بووە لەسەری ئەوە چاکترە، بەڵام دانپێدانانی پێغەمبەر (درود و سڵاوی خوای لێبێ) بەو جۆرە شتانە، ڕێبازی پێغەمبەری خوا (درود و سڵاوی خوای لێبێ) ڕوون دەکاتەوە لە وەرگرتن و پەسەندکردنی هاوشێوەی ئەم شتانە لە خواپەرستی و پەرستشەکان، هەروەك هاوێنەی ئەم شتانە بە داهێنراوێکی سەرزەنشتکراو دانانرێ، هەروەك توندگیرەکان هەر زوو کەسەکە بە بیدعەچی و گومڕا و تاوانبار دادەنێن. لە چوارچێوەی هەر دوو فەرموودەکەدا (ئەوەی ئێستا و پێشتر) دیارە کە ئەمە دوو پرسن، لە فەرموودەی یەکەم کە ئەنەس (خوا لێی ڕازیبێ) گێڕاویەتیەوە، ئەو کەسەی سورەتەکەی بە تایبەت خوێندۆتەوەو تایبەتمەندی پێداوە،

پێشنوێژخوێنی هۆزەکەی بووە لە مزگەوتی قوبادا، لە فەرموودەکەی عائیشەدا ئەوەی کارەکەی کردووە سەرکردەی پۆلە سەرباز و جەنگاوەرێك بووە، هەردەم ڕکاتەکانی بە سوڕەتی ئیخلاس کۆتایی پێدەهێنا، ئەوەی پێشتریش لە دوای سوڕەتی "فاتیحە" بە سوڕەتی "ئیخلاس" دەستی پێدەکرد و پاشان سوڕەتێکی تری لە دوایدا دەخوێند. پێغەمبەری خوا (درود و سلاوی خوای لێبێ) مزگێنی بەوەی دووەمدا کە خوای گەورە ئەوی خۆشدەوێت، مژدەی ئەوەشی بە هی پێشتردا کە دەچێتە بەهەشتەوە. جا فرەجۆری لەم دوو فەرموودەیەدا ڕوونە و ناکرێ بەیەکەوە کۆ بکرێنەوە و لێکدانەوەی تریان بۆ بکرێت. هەموو ئەو فەرموودانەی خرانەڕوو هەروەك دەبینی لە نوێژدا بوون، نوێژیش یەکێکە لە خواپەرستییە جەستەییەکان، ئەو فەرمایشتەی پێغەمبەریشی (درود و سلاوی خوای لێبێ) لەبارەوە هاتووە کە فەرموویەتی: **"وەك چۆن دەبینن من نوێژ دەکەم، ئێوەش ئاوا نوێژ بکەن"** (١)؛

---

(١) البخاري (٢/ ١١١) – ١٠ – كتاب الآذان – ١٨ – باب الآذان للمسافر إذا كانوا جماعة والإقامة.

الدارمي (١/ ٢٨٦) – كتاب الصلاة – باب من أحق بالإقامة.

لەگەڵ ئەمەشدا پێغەمبەری خوا (درود و سڵاوی خوای لێبێ) ئەم کۆشش و بۆچوونانەی هاوەڵانی پەسەندکرد، چونکە لەو چوارچێوەیە دەرناچێ کە شەرع دیاریکردووە. (هەروەها دەچێتە نێو هێڵە گشتییەکان کە خوای یاسادانەر بناغەکەی دیاریکردووە). هەر سنوورێك دەبێ پابەندبوون پێیەوە بنوێنرێ، جگە لەمە بوار فراوانە، مادەم لە چوارچێوەی ئەو بناغەیەدایە کە پێویست و دیاریکراوە. ئا ئەمەیە ڕێباز و ڕێچکەی پێغەمبەری خوا (درود و سڵاوی خوای لێبێ)، کە لەوپەڕی ڕوونی و ئاشکراییدایە. ئەو بنچینەیەش لەمەوە وەردەگیرێ کە زانایان هەڵیانهێنجاوە، کە هەر کارێك شەرع داوای بکات و دژی هیچ دەقێك نەبێ و خراپەیەکی لێ بەرهەم نەیەت، ئەوا ناچێتە نێو سنووری بیدعە، بەڵکو ئەمەش دەچێتە نێو سوننەتەوە، ئەگەرچی پەرستشی تر باشتر بن: چونکە پەرستشەکان باش و باشتریان تێدایە، بە نەنگ و بیدعە دانانرێ ئەگەر کەسێك شتێکی پێ پەسەند بێ، مادەم بناغەکە خواپەرستی بێت.

ئێستاش چەند کۆشش و بۆچوونێك دەهێنینەوە کە پێغەمبەری خوا (درود و سڵاوی خوای لێبێ) پەسەندی کردووە، جگە لە بابەتی نوێژدا،

تا ببینی پێغەمبەری خوا (درود و سڵاوی خوای لێبێ) چۆن دانیپێداناوە.

٦- **فەرموودەی پێنجەم:** فەرموودەی ڕوقیە، بوخاری لە ئەبو سەعیدی خودریەوە (خوا لێی ڕازیبێ) گێڕاویەتیەوە، کە کۆمەڵێك لە هاوەڵانی پێغەمبەر (درود و سڵاوی خوای لێبێ) بەسەفەر دەرچوون، ڕۆیشتن تا گەیشتنە لای هۆزێکی عەرەب، داوایان لەوان کرد میوانداریان بکەن، ئەوانیش ڕەتیانکردەوە، مار بە سەرۆك هۆزەکەیانی وەدابوو، هەموو ئامرازێکیان بەکارهێنابوو، بۆ چارەسەرکردنی کەچی سوودی نەبوو. بۆیە هەندێکیان وتیان: ئەگەر بچنە لای ئەو کۆمەڵەیەی هاتوونەتە لاتان لەوانەیە شتێکیان لەلابێ کە سوودی ببێ، جا بۆیە چوونە لایان و بەوانیان وت: ئەی خەڵکینە سەرۆکەکەمان مار پێیەوە داوە، هەموو ئامرازێکمان بەکارهێناوە کە لەبەردەستمان بووە، کەچی سوودی نەبووە؟ ئایا ئێوە هیچ شتێکتان لایە؟ هەندێك وتیان: بەڵێ، سوێند بەخوا من ئەوەم لایە کە پێی چارەسەر دەبێ، بەڵام بەخوا ئێمە داوامان لە ئێوە کرد میوانداریمان بکەن، کەچی ئێوە ڕەتتان کردەوە، بۆیە منیش چارەسەری ناکەم تا قەرەبوومان نەکەنەوە، دواتر لەگەڵیان

ڕێککەوتن لەسەر ڕانە مەڕێك، بۆیە بەڕێکەوت و چووە لای سەرۆکەکەیان و سورەتی فاتیحەی بەسەردا خوێند و فووی پێدادەکرد. سەرۆك هۆزەکە چاك بووەوە بەجۆرێك ئەوەی تازە ئەوساری بەڕەڵا کرابێ و هیچ کەموکورتییەکی نەبێ. هۆزەکەش ئەو ڕانە مەڕەی لەسەری ڕێکەوتبوون بەوانیاندا، هەندێکیان وتیان: با ڕانە مەڕەکان دابەش کەین. ئەو هاوەڵەی چارەسەری نەخۆشەکەی کرد وتی: نا وا مەکەن تا دەگەینە خزمەت پێغەمبەری خوا (درود و سڵاوی خوای لێبێ) و بەسەرهاتەکەی بۆ باس دەکەین، تا بزانین چ فەرمانێکمان پێدەکات. جا هاتنە لای پێغەمبەری خوا (درود و سڵاوی خوای لێبێ) و باسی بەسەرهاتەکەی خۆیانیان بۆ ئەو کرد، ئەویش فەرمووی: ""وما يُدريك أنها رُقيةٌ. أصبتم اقسموا واضربوا لي معكم بسهمٍ"، واتە: **جا تۆ چۆن زانیت ئەمە چارەسەرە. کارێکی دروستتان کردووە، کەواتە دەستکەوتەکە دابەشبکەن، پشکێکیش بۆ من دابنێن**[1].

ئیبن حەجەر لە کتێبی (فتح الباری) لە بەشی (کرێکانی)[2]دا وتویەتی: ئەم فەرمایشتەی پێغەمبەری خوا (درود و سڵاوی خوای لێبێ)

---

[1]) البخاري (١٠/ ٢٠٩) – ٧٩ – كتاب الطب – ٣٩ – باب النفث في الرقية.

[2]) فتح الباري (٤/ ٤٥٧).

کە فەرموویەتی "تۆ چۆن زانیت.. تاد" ڕستەیەکە بۆ سەرسوڕمانی دەربڕین لەبەرامبەر شت دەوترێت، هەروەها بۆ بەگەورەگرتنی شت بەکاردێت، لێرەشدا زۆر شایستەیە. شوعبە لە گێڕانەوەی خۆیدا ئەوەشی زیاد کردووە، کە پێغەمبەری خوا (درود و سڵاوی خوای لێبێ) باسی هیچ ڕێگرییەکی نەکردووە. سولەیمانی کوڕی قوتەیبە ئەمەشی لە گێڕانەوەکەی زیادکردووە، کە پێغەمبەری خوا (درود و سڵاوی خوای لێبێ) فەرمووی: جا تۆ چۆن زانیت ئەمە چارەسەرە؟ هاوەڵەکە وتی: خرایە نێو دل و دەروونم.

ئەمە شتێکی ڕاشکاوە، سەبارەت بەوەی هاوەڵەکە هیچ زانیاریەکی پێشوەختەی نەبوو سەبارەت بە ڕەوایی چارەسەرکردن بە سوڕەتی فاتیحە، بەڵکو ئەمە کارێکە بە کۆشش و بۆچوونی خۆی کردووە، جا کە هیچ تێکگیرانی نەبوو لەگەڵ شەرع، ئەوا پێغەمبەری خوا (درود و سڵاوی خوای لێبێ) دانیپێدانا و پەسەندی کرد، چونکە ئەمە ڕێباز و پەیڕەوی پێغەمبەری خوا (درود و سڵاوی خوای لێبێ) بوو لە داننان و پەسەندکردنی چاکەکان، ئەگەر نەبووبانە هۆی خراپە، ئەگەرچی ئەو چاکەیە بە دەق لە کاری پێغەمبەری خوا (درود و سڵاوی خوای لێبێ) نەبووبێ. وتەی پێغەمبەر (درود و سڵاوی خوای لێبێ): "ڕاستتان

پێکاوە و دابەشی بکەن و پشکێك بۆ منیش دابنێن". وەك ئەوەیە ویستبێتی زۆرتر دڵنیاییان پێببەخشێ، هەروەك ئیبن حەجەڕ (ڕەحمەتی خوای لێبێ) وای وتووە.

٧- **فەرموودەی شەشەم:** بەسەرهاتێکی تر بەسەر هاوەڵاندا هاتووە، بەوەی کەسێك تووشی نەخۆشی شێتی بووە، هەندێك لە هاوەڵان سوڕەتی فاتیحەیان بەسەردا خوێندەوە، بەمەش چاکبووەو [١]؛

ئەبو داود لە ڕێگەی خارجەی کوڕی سەڵت، ئەویش لە مامیەوە گێڕاویەتیەوە: کە بەلای خەڵکێکدا ڕۆیشتووە و پیاوێکی شێتیان لا بووە و بە زنجیر بەستراوەتەوە، وتیان: تۆ لەلای ئەم کەسە چاکەوە هاتوویت، دە ئەم پیاوەمان بۆ چارەسەر بکە. ئەویش چارەسەری کرد.

٨- **فەرموودەی حەوتەم:** ئەبو یەعلا لە ئیبن مەسعودەوە (خوا لێی ڕازیبێ) گێڕاویەتیەوە، کە قورئانی خوێندووە بەسەر کەسێکی

---

(١) أبو داود (٤/ ١٤) – كتاب الطب – باب كيف الرقي؟.

نابیستدا، بەم هۆیەوە خوای گەورە شیفای داوە، پێغەمبەری خواش (درود و سڵاوی خوای لێبێ) پێی فەرموو: **"چیت بەسەریدا خوێندەوە"؟** وتی: ئەم ئایەتە: ﴿أَفَحَسِبْتُمْ أَنَّمَا خَلَقْنَاكُمْ عَبَثًا وَأَنَّكُمْ إِلَيْنَا لَا تُرْجَعُونَ﴾ تا کۆتایی سورەتەکە. پێغەمبەری خوا (درود و سڵاوی خوای لێبێ) فەرمووی: "لو أن رجلًا موفقًا قرأ بها على جبل لزال"، واتە: **ئەگەر کەسێکی شیاو بیخوێنێتەوە بەسەر چیایەکدا، ئەوا چیاکە دەتوێتەوە** [(١)].

لەم فەرموودەیەدا پێغەمبەری خوا (درود و سڵاوی خوای لێبێ) دانی ناوە بە کاری ئیبن مەسعود (خوا لێی ڕازیبێ)، کە ئایەتەکانی کۆتایی سورەتی موئمینونی خوێندۆتەوە بەسەر نەخۆشێکدا، پێشتر ئیبن مەسعود (خوا لێی ڕازیبێ) نەیبیستبوو کە پێغەمبەری خوا (درود و سڵاوی خوای لێبێ) کارێکی وایکردبێ، بەڵکو ئەمەی بە کۆشش و بۆچوونی خۆی کرد. جا لەبەر ئەوەی کارەکە چاك بوو و پێچەوانەی

---

(١) مجمع الزوائد (٥/ ١١٥). وتویەتی: ئەبو یەعلا گێڕاویەتیەوە، لە نێو گێڕەڕەوەکاندا (ئیبن لهیعه)ی تێدایە و لاوازە، و فەرموودەکە (حەسەن)ـە، گشت گێڕەڕەوەکانی تری زنجیرەی ئەم فەرموودەیە متمانە پێکراون. لە سەرچاوەی ناوبراوەوە وەرگیراوە و لە: المطالب العالية للحافظ ابن حجر، هاتووە.

شەریعەت نەبوو، ئەوا پێغەمبەری خوا (درود و سڵاوی خوای لێبێ) کارەکەی پەسەند کرد، وەك چۆن کاری ئەو هاوەڵەی پەسەند کە رِوقیەی خوێند، فەرموودەکە لە بوخاری و سونەنەکانی تریشدا هاتووە، ئەمانە دوو پرس و بابەت بوون کە یەکێکیان هی ئەبو سەعیدی خودری بوو، دووەمیان هی مامی خاریجەی کورِی سەڵت بوو، ئەمەی سێیەمیش هی ئیبن مەسعودە، چوارەمیشیان لای ئیبن حەبانە، کە بەسەرهاتی عەلاقەی کورِی سەحارە کە لە فەرموودەی هەشتەمدا دەخرێتەڕوو.

٩- **فەرموودەی هەشتەم:** ئیبن حەبان لە عەلاقەی کورِی سەحاری سەلیتی تەمیمی گێرِاویەتیەوە، کە هاتۆتە لای پێغەمبەری خوا (درود و سڵاوی خوای لێبێ)، دواتر کە گەرِاوەتەوە بەلای خەڵکانێکدا تێپەرِیوە کە کەسێکی زنجیر کراویان لەلا بووە. خزمی کەسە زنجیرکراوەکە بە عەلاقەیان وتوە: وا بۆمان باسکراوە کە هاوەڵەکەت خێر و چاکەی لەگەڵ خۆی هێناوە. ئایا تۆ هیچ شتێکت لایە تا چارەسەری پێبکەیت؟ عەلاقە وتی: منیش سورەتی فاتیحەم بەسەردا خوێندەوە، ئەویش دەستبەجێ چاك بووەوە، لەبەرامبەردا ئەوان سەد سەرە مەرِیان پێدام، دواتر منیش هاتمە لای پێغەمبەری خوا (درود و سڵاوی خوای لێبێ)،

ئەویش فەرمووی: "خذها فلعمري لمن أكل برقية باطل فقد أكلته برقية حق"، واتە: **ڕانە مەڕەکەت ببە، سوێند بەخوا، ئەوەی سامان بەناوی ڕوقیەوە دەخوات پوچەڵە، بەڵام تۆ بە ڕوقیەی ڕاست ئەو سامانەت بەدەستخستوو** [1].

١٠- **فەرموودەی نۆیەم:** بوخاری لە ئەبو سەعیدی خودی (ڕەحمەتی خوای لێبێ) گێڕاویەتیەوە، کە کەسێك گوێی لە کەسێکی تر بوو کە سوڕەتی ئیخلاس (قل هو الله أحد)ی دووبارە دەکردەوە، کاتێك بووە بەیانی کەسەکە هاتە خزمەت پێغەمبەری خوا (درود و سڵاوی خوای لێبێ) و باسەکەی بۆ گێڕایەوە وەك ئەوەی کابرا بەکەم سەیری بکات، پێغەمبەری خوا (درود و سڵاوی خوای لێبێ) فەرمووی: "والذي نفسي بيده إنها لتعدل ثلث القرآن" واتە: **سوێند بەوەی گیانی منی بەدەستە، ئەم سوڕەتە یەکسانە بە سێیەکی قورئان** [2].

---

(١) الإحسان بترتيب ابن حبان (٧/ ٦٣٦) – كتاب الرقاء والتمائم – باب ذكر بإباحة أخذ الراقي الأجرة على رقيته التي وصفناها.

(٢) البخاري (٥/ ٥٨، ٥٩) – ١٦ كتاب فضائل القرآن – ١٣ – باب فضل (قل هو الله أحد).

ئیبن حەجەڕ لە کتێبی (فتح الباری)دا وتویەتی: خوێنەرەکە قەتادەی کوڕی نوعمان بوو. ئەحمەدی کوڕی تەڕیفی کوڕی هەیسەم لە ئەبو سەعیدەوە هێناویەتی، وتویەتی: بەدرێژایی شەو قەتادەی کوڕی نوعمان تەنها (قل هو الله أحد)ی دەخوێند. لەوانەیە ئەوەی گوێبیستی بووبێ براکەی بووبێ لە دایکی کە ئەبو سەعید بووەو دراوسێی یەکتر بوون، ئیبن عەبدولبەریش هەمان شتی وتوەو جەختی لەسەر کردۆتەوە. دارقتنی لە ڕێگەی ئیسحاقی کوڕی تباعەوە لە مالیکەوە ئەم فەرموودەیەی هێناوە بە واژە و دەربڕینی: من دراوسێیەکم هەبووە و بە شەو هەڵدەستێت و تەنها (قل هو الله أحد) دەخوێنێتەو[١].

لەم فەرموودەیەدا پێغەمبەری خوا (درود و سڵاوی خوای لێبێ) دانی ناوە بە تایبەتکردن و تەنها خوێندنی سوڕەتی ئیخڵاس لە شەونوێژدا، لەگەڵ ئەوەی پێشتر پێغەمبەری خوا (درود و سڵاوی خوای لێبێ) کارێکی وای نەکردبوو کە سوڕەتێك تایبەت بکات. ئەم فەرموودەیە لەگەڵ فەرمایشتەکانی پێشوو، بەڵگەی ئەوەیان تێدایە کە دروستە مرۆڤ بە حەزی خۆی بە تایبەت بەشێکی قورئانی پیرۆز زۆر بخوێنێتەوە،

---

(١) فتح الباري (٩/ ٥٩، ٦٠).

ئەمەش بە مانای فەرامۆشکردنی بەشەکەی تر نایەت. لەگەڵ بوونی ئەم فەرموودەیەش نەمانبینیوە هیچ یەکێك لە زانایان بڵێت، وا باشترە شەونوێژ و بێدارکردنەوەی شەو تەنها بە سورەتی ئیخلاس بکرێ، بەڵام ئەم کارەی ئەو هاوەڵە و هاوشێوەکانی هەر لە چوارچێوەی سوننەتدان، هیچ شتێکی تێدا نییە جێگای سەرزەنشت بێ، بەڵکو لە گشت بارودۆخێکدا ستایشکراوە. لەمەشدا بەڵگە هەیە لەسەر ئەوانی شتی پوچەڵ دادەهێنن، هەروەك ئەو فەرموودانەی دواتریش دەخرێنەڕوو بەهەمان جۆر بەڵگەن.

١١- **فەرموودەی دەیەم:** ئیبن حەبان لە ئیبن بەریدە و ئەویش لە باوکیەوە گێڕاویەتیەوە، وتویەتی: لەگەڵ پێغەمبەری خوادا (درود و سڵاوی خوای لێبێ) ڕۆیشتمە نێو مزگەوتەوە، کەسێك نوێژی دەکرد و نزای دەکرد و دەیوت: (**اللَّهُمَّ إِنِّي أَسْأَلُكَ بِأَنِّي أَشْهَدُ أَنَّكَ أَنْتَ اللَّهُ لاَ إِلَهَ إِلاَّ أَنْتَ. الأَحَدُ الصَّمَدُ الَّذِي لَمْ يَلِدْ وَلَمْ يُولَدْ وَلَمْ يَكُنْ لَهُ كُفُوًا أَحَدٌ**). واتە: (خوایەگیان؛ من داوات لێدەکەم بەوەی گەواهی دەدەم کە تۆ خوای مەزنی و هیچ خوایەك نییە بە حەق جگە لە تۆ نەبێ، تۆ جێی نیازی و بێ نیازی و نە کەست لێبووە و نە لە کەسیش بووی، هەرگیز

هاوشێوە و هاوەڵت نییە)، پێغەمبەری خوا (درود و سڵاوی خوای لێبێ) فەرمووی: "والذي نفسي بيده لقد سأل الله باسمه الأعظم الذي إذا سئل به أعطى وإذا دعي به أجاب"، واتە: **سوێند بەوەی گیانی منی بەدەستە، ئەو بە ناوی مەزنی خواوە داوای کرد، کە ئەگەر پێی داواکرا پێی دەدرێ و ئەگەر نزای پێکرا گیرا دەبێ** (١).

وا دەردەکەوێ ئەم نزایە لەلایەن هاوەڵەکەوە دروستکرابێ، جا لەبەر ئەوەی نزاکە گونجاو و ڕێکبوو لەگەڵ شەریعەت، پێغەمبەری خوا (درود و سڵاوی خوای لێبێ) پەسەندی کرد و ڕایگەیاند بەوەی پلەی بەرز و ڕەزامەندی بۆ هەیە، نەشزانراوە پێشتر پێغەمبەر (درود و سڵاوی خوای لێبێ) ئەم نزایەی فێری هاوەڵەکە کردبێ، دەقەکانی شەریعەت دەقی

---

(١) ابن حبان (٢/ ١٢٥) – كتاب الرقائق – باب ذكر البيان بأن الدعاء بما وصفنا إنما هو دعاؤه باسم الله الأعظم الذي الذي لا يخيب من سأل ربه به.
أحمد (٥/ ٣٤٩).
أبو داود (٢/ ٧٩) – كتاب الصلاة – باب الدعاء.
الترمذي (٥/ ٥١٥) – ٤٩ – كتاب الدعوات – ٦٤ – باب جامع الدعوات عن النبي صلى الله عليه وسلم.
ابن ماجه (٢/ ١٢٦٧) – ٣٤ – كتاب الدعاء – ٩ – باب اسم الله الأعظم.
ورواه أيضا النسائي في الكبرى في كتاب التفسير.

گشتی تایبەتكراوی تێدایە، و دەقی گشتی وای تێدایە كە مەبەست لێی تایبەتە، هەروەها حەقیقەت و خوازراو (مجاز)یشیان تێدایە، چەندین پێوەریشی هەن لەكاتی تێكگیرانی دەقەكان، جگە لەمانەش لە بنچینە و ڕێساكانی زانستی بنەماكانی فیقه، تا ئەو ئاستەی وتیان: (هیچ دەقێكی گشتی نییە كە تایبەت نەكرابێ)، تایبەتبوون ڕێگر نییە لە بوونی دەقی گشتی، هەروەك لە ئایەتەكانی قورئانی پیرۆزدا ئەمە دەردەكەوێت.

ئەمە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی دروستكردنی شتێك كە بچێتە نێو هێڵە گشتییەكانی شەرعەوە، یان بە لقێك دابنرێ لە یەكێك لە بنچینەكانی، یان لە بنەمایەك لە بنەماكانی گەڵاڵە بووبێ، یاخود لە قورئانی پیرۆز و سوننەتی پیرۆز هەڵهێنجرابێ، بەڵام ترسی ئەوە هەیە كە ئەم دروستكردنە بە دروستی پشتی نەبەستبێت بە هێڵ و دەقە گشتییەكان كە ئەم دروستكراوە تایبەتەی بچێتە ناویەوە، و بە دروستی گەڵاڵە نەبووبێ لە بنەماكانی شەرع، یاخود بە هەڵهێنجانێكی هەڵە گەڵاڵە بووبێ، هەر بۆیە پێشتر وتمان دەبێ ئەم شتە دروستكراوە كۆك و تەبابێ لەگەڵ بۆچوونی كۆششكاران یان بۆچوونی بەشێك لە

کۆششکاران، تا ئەم دروستکراوە لە بازنەی بیدعەی خراپەوە دەردەچێت و دەچێتە نێو بازنەی بیدعەی چاك.

خەڵکانێکی زۆر بەهەڵەدا چوونە لەبارەی بابەتی بیدعەوە، ئەگەر نیازی هەندێکیشیان دروست بێ، ئەوا پاداشت وەردەگرن بەگوێرەی نیازەکانیان، بەڵام دەترسین لەوەی هەندێکیان بچنە نێو بازنەی دۆڕاوان و تیاچووان، ترسیشمان هەیە لەوەی هەندێکی تریان بچنە نێو بازنەی گومڕایانەوە.

کەسانێك لە بیروباوەڕدا لەسەر بیدعەیەك دەچن، زانا ڕۆچووەکان لە زانستدا یەکدەنگن لەسەر بیدعەبوونی و دوودڵی لەسەر نییە.

کەسانێك هەن لە کردەوەدا لەسەر بیدعەیەك دەڕۆن، زانا ڕۆچووەکان لە زانستدا یەکدەنگن لەسەر بیدعەبوونی و دوودڵی لەسەر نییە.

خەڵکانێکیش هەندێك پرس و بابەتیان بە بیدعەی گومڕاکەر داناوە، لەکاتێکدا زانا ڕۆچووەکان لە زانستدا یەکدەنگن لەسەر دروستبوونی.

کەسانێکیش هەندێك پرس و بابەتیان بە بیدعەی گومڕاکەر داناوە، زۆر بە توندی هێرش دەکەنە سەر ئەوانەی پەیڕەوی ئەم پرس و بابەتانە دەکەن، کەچی هەندێك لە کۆششکاران یان فەتوادەران

بەدروستیان داناوە، هەموو ئەمانە زۆر هەڵەن، تەنها لەوەی کۆتاییدا نەبێ کە سەغڵەتی لە نکۆڵی لێکردنیدا نییە بەڵام بەبێ توندگیری، بەڵکو دەبێ بە نەرمونیانی و خستنەڕووی بەڵگە بێ، لەگەڵ باسکردنی فەتوای ئەو پێشەوایەی فەتوای لەم بارەوە داوە.

ئەوەی ئێمە باسمانکرد، بریتییە لە هێڵی کۆمکار و گشتی، کە گونجاوە لەگەڵ دەقەکان و کردەوەی هاوەڵان و یەکدەنگی فەتوادەرە پایەدارەکان: ئایا نابینی هاوەڵان (خوایان لێ ڕازیبێ) کۆکبوون لەسەر ئەو کارەی عومەر (خوای لێ ڕازیبێ) کە خەڵکی کۆکردەوە تا نوێژی تەڕاویح بە کۆمەڵ بکەن و ژمارەی ڕکاتەکانی تەڕاویحی کردە بیست ڕکائەت، لەکاتێکدا عومەر وتی: (بەڕاستی ئەمە چاك داهێنانە)، هەموو ئەمانە سەلمێنراون لە عومەر و هاوەڵان (خوایان لێ ڕازیبێ)(). ئایا پێتوا نییە ئەوانەی عومەر و هاوەڵان (خوایان لێ ڕازیبێ) بە گومڕا دادەنێن بەهۆی ئەو کارەیان کردیان، خۆیان چوونەتە نێو بازنەی گومڕابوونەوە، عومەر (خوای لێ ڕازیبێ) لەو خەلیفە و جێنشینە سەرڕاست و بەرچاوڕۆشنانەیە، کە فەرمانمان پێکراوە شوێن پێی ئەوان

() بگەڕێوە بۆ: شرح السنة (٤/ ١١٦ – ١٢٥) بتحقيق الأستاذ شعيب أرناؤوط.

و ڕێبازەکەیان بکەوین، هاوەڵانی پێغەمبەری خوا (درود و سلاوی خوای لێبێ) هەر هەموویان متمانە پێکراون و لە هەموو کەسێك تێگەیشتنی قوڵتریان هەیە بۆ کتێبی خوا، ئومەت هەردەم ئەوەی کردووە کە هاوەڵان کردوویانە بێ ئەوەی ڕەخنەیان لێبگیرێ، مەگەر ئەوەی چووبێتە نێو بازنەی زیادەڕۆچوون و نەیتوانیبێ لێی دەربچێ.

ئەمانەی خوارەوە وتەی چەند زانایەکن، کە جەخت لەوە دەکەنەوە کە ئێمە باسمانکردووە:

**پێشەوا شافیعی وتویەتی:** بیدعە دوو جۆرە، بیدعەی ستایشکراو و بیدعەی سەرزەنشتکراو، ئەوەی بگونجێ لەگەڵ سوننەت ئەوا ستایشکراوە، ئەوەش کە نەگونجاوە و پێچەوانەیەتی لەگەڵی ئەوا سەرزەنشتکراوە.

فەرموودەی جەریر کە موسلیم گێڕاویەتیەو (1) گەواهی لەسەر ئەم مانایە دەدات: "من سن في الإسلام سنة حسنة فله أجرها وأجر من عمل بها بعده من غير أن ينقص من أجورهم شيء، ومن سن في الإسلام سنة سيئة كان عليه وزرها ووزر من عمل بها من بعده من غير أن ينقص من

(1) مسلم (٤/ ٢٠٥٩) ٤٧ – كتاب العلم. ٦–باب من سن سنة حسنة أو سيئة، ومن دعا إلى هدى أو الضلالة.

أوزارهم شيء"، واتە: **هەر کەسێك شتێکی چاك لە ئیسلامدا دابهێنێ، ئەوا پاداشتی داهێنانەکەی و ئەوەشی کە کاری پێدەکات بۆ هەیە، بێ ئەوەی لە پاداشتی هیچ یەکێکیان کەم ببێتەوە، هەر کەسێك شتێکی خراپ لە ئیسلامدا دابهێنێ، ئەوا گوناهی داهێنانەکەی و ئەوەشی کە کاری پێدەکات بۆ هەیە، بێ ئەوەی لە گوناهی هیچ یەکێکیان کەم ببێتەوە.** چەند فەرموودەی تری هاوشێوە کە هەر لە دەوری ئەم مانایە دەخولێنەوە، لەوانە فەرموودەکەی ئیبن مەسعود کە لە سەحیحی موسلیمدا(١) هاتووە: "من دل على خير فله مثل أجر فاعله"، واتە: **هەر کەسێك ڕێنوێنی بکات بەرەو چاکەیەك، ئەوا پاداشتی هاوشێوەی بکەرەکەی هەیە.** فەرموودەکەی ئەبو هورەیرە کە لە سەحیحی موسلیمدا(٢) هاتووە: "من دعا إلى هدى كان له من الأجر مثل أجور من تبعه لا ينقص ذلك من أجورهم شيئًا ومن دعا إلى ضلالة كان عليه من الإثم..."، واتە: **هەر کەسێك بانگەواز بکات بۆ ڕێنوێن و چاکەیەك، ئەوا**

---

(١) مسلم (٤/ ١٥٠٦) ٣٣ – كتاب الإمارة. ٣٨– باب فضل إعانة الغازي في سبيل الله بمركوب وغيره وخلافته في أهله بخير.

(٢) مسلم (٤/ ٢٠٥٨) ٤٧ – كتاب العلم. ٦–باب من سن سنة حسنة أو سيئة، ومن دعا إلى هدى أو الضلالة.

**پاداشتی هاوشێوەی ئەو کەسە هەیە کە شوێنی دەکەوێت، بێ ئەوەی هیچ شتێك لە پاداشتەکەیان کەم ببێتەوە، ئەوەش بانگەواز بکات بۆ گومڕایی، ئەوا گوناهی بۆ هەیە بە ئەندازەیی... .**

هەرچییەك دەکرێ و دادەهێنرێ پێویستە بخرێتەبەر ڕۆشنایی بنەماکانی شەریعەت و دەقەکانی، جا هەرچییەك شەریعەت گەواهی لەسەر بدات بەوەی چاك و پەسەندە، ئەوا چاك و پەسەندە. و ئەوەش گەواهی لەسەر دەدات بەوەی خراپ و نا پەسەندە، ئەوا ڕەتکراوە و بیدعەیەکی سەرزەنشتکراوە. لەوانەیە ناو لەوەی یەکەم بنێین (بیدعەیەکی چاك) و لە ڕووی زمانەوانیەوە پێی بوترێ داهێنراو و بیدعە، ئەگەرنا لە ڕاستیدا بیدعەی شەڕعی نییە، بەڵکو (سوننەتێکی هەڵهێنجراوە) مادەم شەریعەت گەواهی لەسەر داوە و پەسەندی کردووە. وتەکەی سەروەرمان عومەر (خوای لێ ڕازیبێ) کە لەبارەی نوێژی تەڕاویحەوە وتی: (ئەمە بیدعەیەکی چاکە) دەچێتە نێو ئەم بیدعە زمانیەوە.

هەر شتێك شەریعەت گەواهی لەسەر دابێ و داوای کردبێ ئەنجام بدرێ، جا بەتایبەتی یان بە گشتی بێ، ئەوا ناچێتە نێو بیدعەوە،

ئەگەرچی پێغەمبەری خوا (درود و سڵاوی خوای لێبێ) بەتایبەت ئەنجامی نەدابێ یان بە تایبەت فەرمانی پێنەکردبێ.

**نەوەوی[١] سەبارەت بەم فەرمایشتەی پێغەمبەری خوا (درود و سڵاوی خوای لێبێ): "گشت بیدعەیەك گومڕاییە"[٢]، وتویەتی:** ئەمە دەقێکی گشتییە، مەبەست لێی ئەو شتە داهێنراوانەن، کە شەریعەت پەسەندی نەکردوون و بەڕاستی دانەناون، مەبەست لە بیدعە ئەم شتانەیە. حافز ئەبو بەکری کوڕی عەرەبی لە شرۆڤەکەی بۆ (سونەنی تورمزی) – حەوتم ( ): "خۆتان دووربگرن[٣] لە شتە داهێنراوەکان" وتویەتی: بزانن، خوا شارەزاتان بکات، داهێنراوەکان دوو جۆرن: داهێنراوێکیان هیچ بناغەیەکی بۆ نییە، تەنها حەز و ئارەزوو و کارکردن

---

(١) بگەڕێوە بۆ: حاشية السيوطي على سنن النسائي ص ٢٣٤ ج ٢.

(٢) أحمد (٤/ ١٢٦).

مسلم (٢/ ٥٩٢) ٧ – كتاب الجمعة. ١٣ – باب تخفيف الصلاة والخطبة.

أبو داود (٤/ ٢٠١) كتاب السنة – باب في لزوم السنة.

الترمزي (٥/ ٤٤) ٤٢ – كتاب العلم. ١٦ – باب ما جاء في الأخذ بالسنة واجتناب البدع.

و وتویەتی: ئەمە فەرموودەیەکی حەسەن و سەحیحە.

(٣) بابەتەکانی پێشوو.

نەبێ بەپێی ویست، ئەمەیان بە تەواوی پوچەڵە (واتە) بیدعەیەکی گومڕاکەرە. جۆرێکی تری داهێنراو هەن کە هاوشێوەکانی تێدا ئەنجام دەدرێ، ئەمەش ڕێبازی جێنشینە سەرڕاست و پێشەوا پایەدارەکانە. ئەمەیان ناچێتە نێو بازنەی داهێنراو و بیدعەی سەرزەنشتکراوەوە.. (بە تەنها سەیرکردنە ڕووکەشی وشەی "داهێنراو و بیدعە") نەوەك سەیرکردنە ماناکانیان، ئەوا خوای پایەبەرز فەرموویەتی: ﴿مَا يَأْتِيهِمْ مِنْ ذِكْرٍ مِنْ رَبِّهِمْ مُحْدَثٍ﴾ [1] واتە: (هیچ یاداوەریەکی تازەیان لەلایەن پەروەردگاریانەوە بۆ نایەت کە ئەوان گوێ بیستی نەبوو بن). عومەریش (خوای لێڕازیبێ) [2] وتویەتی: (بێگومان بیدعەیەکی چاکە)، تەنها ئەو داهێنراو و بیدعەیە سەرزەنشتکراوە کە پێچەوانەی سوننەت بێ و بانگەواز بۆ گومڕایی بکات.. تاد.

ئا بەم شێوەیە دەبینین، ئەو پێشەوایانەی لە دوای شافیعیەوە هاتن وەك سولتانی زانایان عیزی کوڕی عەبدولسەلام و پێشەوا نەوەوی و ئیبن ئەسیر لە شافیعییەکان و ئیبن عەرەبی و قەرافی لە مالیکییەکان و

---

(1) ئەنبیاء: ٢.

(2) البخاري (٤/ ٢٥٠) ٣١ – كتاب صلاة التراويح. ١– باب فضل من قام رمضان.

زۆرێك لە زانایان تا دوا هەمینیان کە ئیبن حەجەڕی عەسقەلّانییە، هەموویان دابەشکردنی بیدعەیان بۆ ستایشکراو و سەرزەنشتکراویان پەسەند کردووە، کە لەوانەیە هەر پێنج حوکمەکەیان لەسەر جێبەجێ ببێ، بەپێی ئەو بنچینەیەی بیدعەکە لەسەری دادەمەزرێ و ئەو گەواهیانەی کە گەواهی لەسەر دەدەن یان ئەو بەرژەوەندیانەی فەراهەمیان دەکات یاخود ئەو خراپیانەی دەهێنێتە کایە یان تێکگیران یان کۆکبوونی لەگەڵ شەڕعدا.

لەگەڵ ئەمەشدا جۆرە دابەشکردنێکی تریان هەیە: بیدعەی تەکفیرکەر، بیدعەی حەڕام، بیدعەی ناپەسەند کە مرۆڤ پێی گوناهبار دەبێ، بیدعەی پەسەند کە مرۆڤ پێی گوناهبار نابێ.

زۆرێك لە زانایان ئەم جۆرە دابەشکردنەیان پەسەندکردووە، لەوانە نەوەوی و ئیبن عەرەبی و دواهەمینیان لەبەرکاری فەرموودە ئیبن حەجەڕ.

ئەو بیدعەیەی گومڕاکەرە و لە فەرموودە پیرۆزەکەدا ئاماژەی پێدراوە، بریتییە لەوەی پێچەوانەی بڕیاری شەرعە، و ناچێتە نێو ئەوەی شەرع داوای کردووە چ بە بەڵگەیەکی تایبەت یان گشتی. هەر شتێك بچێتە نێو شەرعەوە و شەرع گەواهی لەسەر بدات بە بەڵگەی

تايبەت يان گشتى، ئەوا ئەو شتە نابێتە بيدعەى شەرعى كە لە فەرموودەكە ئاماژەى پێدراوە، ئەگەرچى ناويشى لێبنرێت بيدعە لەڕووى زمانەوانيەوە، چونكە بيدعە لە ڕووى زمانەوانيەوە چاك و خراپ دەگرێتەوە.

لە عەبدوڵاى كوڕى مەسعودەو () (خواى لىَ ڕازيبىَ)[1] هاتووە، وتويەتى: خواى گەورە سەيرى دڵى بەندەكانى كرد، بينى دڵى موحەمەد (درود و سڵاوى خواى لێبىَ) چاكترين دڵە لە نێو دڵى بەندەكاندا، بۆيە هەڵيبژارد و كرديە پەيامبەرى خۆى، دواى دڵى موحەمەد (درود و سڵاوى خواى لێبىَ) سەيرى دڵى بەندەكانى كرد و بينى دڵى هاوەڵانى چاكترين دڵن لە نێو دڵى بەندەكاندا، بۆيە خواى گەورە ئەوانى كردە وەزيرەكانى پێغەمبەرەكەى (درود و سڵاوى خواى لێبىَ) و شەڕيان لەسەر ئاينەكەى دەكرد، جا ئەوەى موسڵمانان پێيان باشە ئەوا لاى خواش باشە، ئەوەى موسڵمانان پێيان خراپە، ئەوا لاى خواش خراپە.

---

[1]) أحمد (١/ ٣٧٩).

قال في المجمع (١/ ١٧٧): رواه أحمد والطبراني في الكبير ورجاله موثقون.

ئیبن تەیمیە (ڕەحمەتی خوای لێبێ) وتەیەکی هەیە کە لە کتێبەکەیدا (وەڵامی زانایان) هاتووە، ئاماژە بەوە دەکات کە ئیبن تەیمیە پێی وایە: وتەی پێشینان لە هاوەڵان و شوێنکەوتووان و پێشەوایانی موسڵمانان، ئەگەر شتێکیان وت، ئەوا دەبێتە بەڵگە و شوێنکەوتووانی ئەم وتەیە لە بازنەی بیدعەچێتی دەردەچن. ئیبن تەیمیە (ڕەحمەتی خوای لێبێ) وتویەتی: مەبەستەکە ئەوەیە سەبارەت بەم دوو وتەیەیە، هیچ یەکێك ناتوانێت تەنها یەك لەمانە بگوازێتەوە لە پێشینان، کە مەبەستم لە هاوەڵان و شوێنکەوتوانیانە بە چاکە، و گشت پێشەواکانی تری موسڵمانان کە ناودارن بە زانست و لەخواترسان لە ئایندا و زمانیان بە ڕەوابێژە لە نێو ئومەتدا، نە لە سەردەمی ئەحمەدی کوڕی حەنبەل و شافیعی و ئەبو حەنیفە و پێش ئەوانیش ناتوانێ شتی لەو جۆرە بگوازێتەوە.. هـ.[1]

**پێشەوا عیزی کوڕی عەبدولسەلام لە پێشەکی کتێبی ڕەتدانەوە بۆ ئیبن سەڵاحدا، سەبارەت بە نوێژی دڵخوازی (الرغائب) قسەی لەبارەی بیدعە و جۆرەکانی کردووە، لەم بارەشەوە وتویەتی: بیدعە سێ جۆرە:**

---

(1) بڕوانە: ص ٢٣: كتاب جواب أهل العلم.

١- ئەو جۆرەی ڕێپێدراوە، وەك فراوانكاری لە خواردن و خواردنەوە و پۆشاك و ژنهێنان، ئەمەیان هیچ گوناهی تێدا نییە.

٢- ئەو جۆرەی چاكە، هەر بیدعەیەك دەگرێتەوە كە كۆك و تەبابێ لەگەڵ بنەماكانی شەریعەت و پێچەوانەی هیچ شتێكی شەریعەت نەبێ، وەك نوێژی تەڕاویح، دروستكردنی تەویلە و خانە و قوتابخانەكان، جگە لەمانەش لە شتە چاكەكانی تر كە لە سەردەمی یەكەمی ئیسلامدا باو نەبوون، چونكە گونجاوە لەگەڵ پەیامی شەریعەت لە فەراهەمكردنی چاكەكاری و هاریكاری لەسەر چاكە و لەخواترسان، بەهەمان شێوە سەرقاڵبوون بە ڕێزمانی عەرەبیەوە، بەهەمان شێوە بیدعەیە، بەڵام تێگەیشتن لە قورئان و وردبوونەوە لە ماناكانی فەراهەم نابێ بەبێ شارەزایی لە ڕێزمانی عەرەبی، بۆیە داهێنانی سەرقاڵبوون بە ڕێزمانی عەرەبی كۆكە لەگەڵ ئەو فەرمانەی پێمان كراوە بە ڕامان لە ئایەتەكانی قورئان و تێگەیشتن لە ماناكانی، بەهەمان جۆر نووسینەوەی فەرموودەكان و دابەشكردنیان بۆ چاك و دروست و هەڵبەستراو و لاواز، بیدعەیەكی چاكە، چونكە بەهۆی ئەمەوە فەرمایشتی پێغەمبەری خوا (درود و سڵاوی خوای لێبێ)

دەپارێزرێ لە هاتنە ناوەوەی شتێك کە لە فەرمایشتی پێغەمبەر نییە، یان دەرچوون و دزەکردنی شتێك لە فەرمایشتی پێغەمبەری خوا (درود و سڵاوی خوای لێبێ)، هەروەها دامەزراندنی زانستی بنەماکانی فیقه، هەموو ئەمانە بیدعەی چاك بوون، گونجاو و تەبابوون لەگەڵ شەریعەت و لەگەڵ هیچ شتێکی تێکنەدەگیران.

٣- ئەو جۆرەی پێچەوانەی شەرعە، یان دەبێتە هۆی سەرپێچی شەع [١].

پێشەوا حەسەن بەننا (ڕەحمەتی خوای لێبێ) هۆشداری دەدایە شوێنکەوتووانی لە خۆ سەرقاڵکردن بە بیدعە زیادەکان، چونکە پێویستە سەرقاڵی دژایەتی بیدعە ڕاستەقینەکان بکەن، مەبەستی ناوبراو لە بیدعەی ڕاستەقینە ئەو شتە خراپانەن کە پێچەوانەی ئایین بێ، کە جیاوازی نەبێ لە نێوان زانایان لەسەر هیچ یەکێکیان و زیانەکەیان لەسەر ئایین، ئای ئەم بیدعە ڕاستەقینانە چەندە زۆر و مەترسیدارن لە نێو موسڵماناندا، مەبەستی لە بیدعەی زیادە ئەوەیە کە

---

(١) من كتاب "العز بن عبدالسلام وأثره في الفقه الإسلامي" للدكتور علي الفقير.

دەچێتە ژێر داوای بنچینەیەکی گشتیدا، بەڵام شێوازی ئەنجامدانەکەی بۆمان جێنەماوە وەك گشت ئەو پرسە هەڵهێنجراوانەی تر، هەروەها بیدعەی زیادە ئەوەش دەگەڕێتەوە کە شەرعزانان ڕاجیان لەبارەیەوە، ئەمەش مەترسی بیدعەی ڕاستەقینە و بێ دەنگبوون لە ئاستیدا و سەرقاڵبوون بە شتی ترەوە زۆر مەترسیدارە. سەبارەت بە ڕاجیاییە مەزهەبیەکان، ئەوا شتێکی پێویستە، چونکە یەکدەنگی زانایان لەسەر بابەتێکی لاوەکی سەختە. پێویستە باوەڕمان وابێ ئەوەی پێمان گەیشتووە ڕاستە، پاساو و بیانوش بهێنینەوە بۆ ئەوانەی ڕاجیان لەگەڵمان، نابێ ببێتە بەربەست لە نێوان یەکگرتنی دڵان و ئاڵوگۆڕی خۆشەویستی و هاریکاری لەسەر چاکە[1].

فەرموو ئەوە تۆ و ئەوەش وتەی زانایان، کە زیاتر جەخت لەسەر وتەی ئێمە دەکاتەوە، وێنایەکی کامڵتر پێدەبەخشێ لەبارەی ئەو شتەی بە بیدعەی دادەنێن:

**بیدعە لە زەمانەوانیدا:**

---

(1) من مراجع هذا البحث: كتاب السيد عبدالله بن محفوظ باعلوي الحسيني الحضرمي رئيس القضاء الشرعي في حضرموت سابقا.

بریتییە لە داهێنانی هەر شتێك جیاواز لە شێوەی پێشوو، جا باش یان خراپ بێ.

(بدع): یەکەمەکەیە و ئەوانی تری لێ پەیدادەبن، هەروەك لەم فەرمایشتەی خوای مەزندا هاتووە: ﴿قُلْ مَا كُنْتُ بِدْعًا مِنَ الرُّسُلِ﴾ ( ) واتە: **(من یەکەم کەس نیم کە وەحیم هێناوە... یان من بیدعەچی نیم لەوەی دەیڵێم).**

یەکێك لە ناوە پیرۆزەکانی خوا (البدیع)ە: لەبەر ئەوەی شتەکان دادەهێنێ و دروست دەکات، یان ئەوەی شتەکان لەسەرەتاوە بەدیدەهێنێ.

زۆربەی جاران وشەی بیدعە بۆ داهێنان بەکاردێت.

**بیدعە لە زاراوەدا:**

**زانایان تێڕوانینی جیاوازیان هەیە لەم بارەیەوە، هەیانە سنوورەکەی فراوان و هەشیانە بەرتەسکی کردووە:**

**١- پێشەوا شافیعی (ڕەحمەتی خوای لێبێ):**

---

() الأحقاف: ٩.

بیدعە دابەشدەكات بۆ چاك و خراپ، یان ستایشكراو و سەرزەنشتكراو. بەم پێیە هەموو ئەو شتە داهێنراوانە دەگرێتەوە كە لە دوای سەردەمی پێغەمبەری خوا (درود و سڵاوی خوای لێبێ) و جێنشنە سەرڕاستەكان داهێنراون:

لە حەڕمەلەی كوڕی یەحیاوە هاتووە، وتویەتی: گوێبیستی شافیعی (ڕەحمەتی خوای لێبێ) بووم، دەیوت: بیدعە دوو جۆرە، بیدعەی ستایشكراو، بیدعەی سەرزەنشتكراو، ئەو بیدعەیەی كۆك بێ لەگەڵ سوننەت ئەوا ستایشكراوە، ئەو بیدعەیەی كۆك نەبێ لەگەڵ سوننەت ئەوا سەرزەنشتكراو [١].

ڕەبیع وتویەتی: شافیعی ڕەحمەتی خوای لێبێ وتویەتی: هەر شتێك كە داهێنراوە و بیدعەیە دوو جۆرن:

**یەكەمیان**: ئەو داهێنراو و بیدعەی پێچەوانەی قورئان یان سوننەت یاخود یەكدەنگی زانایان یان شوێنەوارێك بێ، ئەمەیان بیدعەی گومڕاییە.

---

(١) الباعث لأبي شامة ص ١٣، وفتح الباري جـ ١٧ ص ١٠، وقال أخرجه أبو نعيم بمعناه من طريق إبراهيم بن الجنيد عنه.

**دووەمیان:** ئەو داهێنراو و بیدعەیەی کە چاکە و پێچەوانەی هیچ یەکێك لەوانە نییە کە باسکرا، ئا ئەمەیان بیدعەیەکی سەرزەنشتکراو نیە (١). لە هەر دوو دەستەواژەکەیدا پشتی بەستووە بە وتەکەی عومەر (خوای لێ ڕازیبێ) کە لەبارەی نوێژی تەراویحەوە وتویەتی: (ئەمە بیدعەیەکی چاکە) (٢).

## ٢- ئیبن حەزم (ڕەحمەتی خوای لێبێ) دەڵێت:

بیدعە لە ئایندا: هەموو ئەو شتانە دەگرێتەوە کە لە قورئاندا نەهاتووە، لە پێغەمبەری خواوە (درود و سڵاوی خوای لێبێ) سەرچاوەی نەگرتووە، بەڵام هەیانە خاوەنەکەی پاداشتی لەسەر وەردەگرێتەوە، پاساوی بۆ دەهێنرێت بە نیازە چاکەکەی، هەندێك لەو بیدعانە خاوەنەکەی پاداشتی دەستدەکەوێ و دەچنە بازنەی بیدعەی چاکەوە، ئەمانە ئەو جۆرە بیدعانەن کە لە بنەڕەتدا ڕێپێدراون، هەروەك لە عومەرەوە (خوای لێ ڕازیبێ) گێڕدراوەتەوە کە وتویەتی: (ئەمە

---

(١) المصدران السابقات، وذكره السيوطي في الحاوي جـ ١ ص ٥٣٩.

(٢) البخاري (٤/ ٢٥٠) ٣١ – كتاب صلاة التراويح ١٠ – باب فضل من قام رمضان.

بیدعەیەکی چاکە[١]. ئەمەش ئەو کردارە چاکەیە کە دەقی شەریعەت بە گشتی ئاماژەی پێداوە، ئەگەرچی دەقەکە شێوازی ئەنجامدانەکەی دیاری نەکردبێ. هەشیانە سەرزەنشکراوەو خاوەنەکەی پاساوی بۆ ناهێنرێتەوە، ئەمەیان ئەو جۆرە بیدعەیەیە کە بەڵگە بەرپابووە لەسەر خراپییەکەی، ئەوەی پەسەندیشی دەکات زیادەڕەوی کردووە.

**٣- پێشەوا غەزالی (ڕەحمەتی خوای لێبێ) لە کتێبی (إحیاء)ـدا لەبارەی خواردن لەسەر خوان وتویەتی:**

سەبارەت بەوەی دەوترێت ئەمە لەو شتانەیە کە لە دوای پێغەمبەری خواوە (درود و سڵاوی خوای لێبێ) داهێنراوە، ئەوا هەموو شتێکی داهێنراو قەدەغەکراو نییە، بەڵکو ئەو بیدعەیە قەدەغەکراوە، کە پێچەوانەی سوننەتی چەسپاو بێ و شتێك لابدات کە هۆکارەکەی هەر مابێ، تەنانەت داهێنان لە هەندێك بارودۆخدا پێویستە، ئەگەر هۆکارەکان گۆڕانیان بەسەرداهات[٢].

**٤- ئیبن ئەسیر (ڕەحمەتی خوای لێبێ) وتویەتی:**

---

(١) الموضع السابق.

(٢) الإحیاء: ٢/ ٣، ط عیسى الحلبي.

بیدعە دوو جۆرە: بیدعەی ڕێنوێنی و بیدعەی گومڕایی.. ئەو بیدعەیەی پێچەوانەی فەرمانی خوا و پێغەمبەرەکە (درود و سلاوی خوای لێبێ) بوو، ئەوا دەچێتە نێو بازنەی سەرزەنشت و نکۆڵی لێکردنەوە، ئەوەش دەچێتە نێو چوارچێوەی ئەوەی خوای گەورە بە گشتی بە چاکی داناوە و هانی لەسەر ئەنجامدانی داوە، یان پێغەمبەرەکەی (درود و سلاوی خوای لێبێ) هانی لەسەر کردنی داوە، ئەوا دەچێتە چوارچێوەی ستایش و پێداهەڵدانەوە. ئەوەش کە هاوشێوەی نەبووە وەك جۆرەکانی بەخشندەیی و دەستکراوەیی و ئەنجامدانی کاری چاك، ئەوا ئەمانە دەچنە نێو چوارچێوەی کارە ستایشکراوەکانەوە، بەڵام نابێ ئەمە پێچەوانەی فەرمانەکانی شەرع بێ، چونکە پێغەمبەری خوا (درود و سلاوی خوای لێبێ) پاداشتی بۆ ئەم جۆرەیان داناوە و فەرموویەتی: "من سن سنة حسنة كان له أجره وأجر من عمل بها (١) واتە: **هەر کەسێك شتێکی چاك لە ئیسلامدا دابهێنێ، ئەوا پاداشتی داهێنانەکەی و ئەوەشی کە کاری پێدەکات بۆ هەیە.** بەپێچەوانەشیەوە وتویەتی: "من سن سنة سيئة كان عليه وزرها

(١) مسلم (٤/ ٢٠٥٩) ٤٧ – كتاب العلم. ٦–باب من سن سنة حسنة أو سيئة، ومن دعا إلى هدى أو الضلالة.

ووزر من عمل بها ( ) واتە: **هەر کەسێك شتێكی خراپ لە ئیسلامدا دابهێنێ، ئەوا گوناهی داهێنانەکەی و ئەوەشی کە کاری پێدەکات بۆ هەیە**. ئەمەش ئەگەر پێچەوانەی فەرمانی خوا و پێغەمبەرەکەی بوو (درود و سڵاوی خوای لێبێ). نموونەی بیدعەی چاك ئەوەیە عومەر (درود و سڵاوی خوای لێبێ) لەبارەی نوێژی تەڕاویحەوە وتویەتی: ئەمە بیدعەیەکی چاکە. دواتر وتویەتی: ئەمە بەڕاستی سوننەتە لەبەر ئەم فەرمایشتەی پێغەمبەر (درود و سڵاوی خوای لێبێ)، هەروەك فەرموویەتی: "علیکم بسنتي وسنة الخلفاء الراشدین" ( ) واتە: **دەستبگرن بە ڕێبازی من و ڕێبازی جێنشینە سەرڕاستەکانەوە**، و ئەم
فەرمایشتە: "اقتدوا باللذین من بعدي أبي بکر وعمر" ( )واتە: **لە دوای** ٣
**من پابەندی ڕێبازی ئەبو بەکر و عومەر بن**.

---

(١) مسلم: الموضع السابق.

(٢) أبو داود (٤/ ٢٠١) كتاب السنة – باب في لزوم السنة.

(٣) أحمد (٥/ ٣٨٥).

الترمذي (٥/ ٦٠٩) ٥٠ – كتاب المناقب ١٦٠ – باب في مناقب أبي بكر و عمر رضي الله عنهما كليهما. وقال: حديث حسن.

بەم پێیە ئەو فەرموودەیەش كە دەڵێت: "كل محدثة بدعة"[1]، واتە: **هەموو داهێنراوێك بیدعەیە.** بەم جۆرە لێكدەدرێتەوە، كە ئەو بیدعانە دەگرێتەوە كە پێچەوانەی شەریعەت و سوننەتن[2].

**٥- شێخ عەبدولحەق دیهلەوی لە (شرح المشكاة)ـدا دەڵێت:**

بزانە هەرچییەك لە دوای پێغەمبەری خوا (درود و سڵاوی خوای لێبێ) دەركەوتبێ ئەوا بیدعەیە، هەرچییەك كۆك و تەبابێ لەگەڵ بنچینە و بنەماكانی سوننەتەكەی یان پێوانەی لەسەركرا، ئەوا بیدعەیەكی چاكە، هەرچییەك پێچەوانەی بێ ئەوا بیدعەیەكی خراپە و گومڕاییە، شێخ عیزەدینی كوڕی عەبدولسەلام و نەوەوی و ئەبو شامە هەمان بۆچوونیان هەیە[3].

---

(1) أحمد (٤/ ١٢٦).
مسلم (٢/ ٥٩٢) ٧ – كتاب الجمعة. ١٣ – باب تخفيف الصلاة والخطبة.
أبو داود (٤/ ٢٠١) كتاب السنة – باب في لزوم السنة.
الترمذي (٥/ ٤٤) ٤٢ – كتاب العلم – ١٦ – باب ما جاء في الأخذ بالسنة واجتناب البدع.
وقال: هذا حديث حسن صحيح.

(2) النهاية: ١/ ٧٩.

(3) كشاف إصطلاحات الفنون ج ١.

٦- ئیبن ڕەجەبی حەنبەلی وتویەتی:

مەبەست لە بیدعە: هەموو ئەو داهێنراوانە دەگرێتەوە، کە هیچ بنچینەیەکیان نییە لە شەرعدا کە پەسەندیان بکەن، بەڵام ئەو شتە داهێنراوانەی بنچینەیان لە شەرعدا هەیە و پەسەندکراون لەلایەن ئەم بنچینانەوە و گەواهیان لەسەردراوە، ئەوا لەڕووی شەرعیەوە بیدعە نین، ئەگەرچی لە ڕووی زمانەوانیەوە پێی بوترێت بیدعە (١).

٧- ئیبن حەجەڕی عەسقەلانی وتویەتی:

بیدعە: چاوگ و بنچینەی ئەم وشەیە ئەو شتانە دەگرێتەوە کە داهێنراون بە جۆرێك کە پێشتر وێنەی نەبووبێ. لە شەڕعدا بۆ شتێك بەکاردێ کە پێچەوانە و دژی سوننەت بێ، بەمەش سەرزەنشتکراو دەبێ..

لە شوێنێکی تردا دەڵێت: داهێنراوەکان کۆی داهێنراوە – مەبەست لێی – واتە لەو فەرموودەیە: "من أحدث في أمرنا هذا ما ليس منه فهو

(١) جامع العلوم والحكم.

رَدٌّ ( ) واتە: **هەر یەکێك داهێنان لەم ڕێبازەماندا بکات ئەوا ڕەتکراوەیە**، ئەوەی داهێنراوە و هیچ بناغەیەکی لە شەرعدا نییە، لە نەریتدا پێی دەوترێت بیدعە، ئەوەش کە بنچینەیەکی هەیە و شەرع پەسەندی دەکات ئەوا بیدعە نییە.

**٨- ئیبن حەجەری هەیسەمی وتویەتی:**

بیدعە لەڕووی زمانەوانیەوە واتە: **هەرچی داهێنراوە...**

لە ڕووی زاراوەی شەرعەوە: ئەو شتەیە کە داهێنراوە بەپێچەوانەی فەرمانی شەرع و بەڵگە تایبەت و گشتیەکەی ( ). ٢

**٩- زەرکەشی وتویەتی:**

بیدعە لە شەرعدا دانراوە بۆ هەرچی داهێنراوی سەرزەنشتکراو و خراپە ( ). ٣

---

(١) البخاري (٥/ ٣٠٥) ٥٣ – كتاب الصلح. ٥- باب إذ اصطلحوا على صلح جور فالصلح مردود.

مسلم (٢/ ١٢٤٢) ٢٠- كتاب الأقضية ٨- باب نقض الأحكام الباطلة ورد المحدثات الأمور.

أبو داود (٤/ ٢٠٠) كتاب السنة – باب في لزوم السنة.

(٢) التبيين بشرح الأربعين ص ٢٢١.

(٣) الإبداع ص ٢٢.

**١٠- شێخ محەمەد نەجیب لە نامەکەیدا لەبارەی بیدعە وتویەتی:**

بیدعە لە ڕووی شەڕعەوە ئەوەیە کە گومڕاکەر و سەرزەنشتکراو بێ، سەبارەت بەو بیدعەیەی زانایان دابەشیانکردووە بۆ پێویست و حەڕام... تاد ئەوا بیدعەیەکی زمانەوانیە، فراوانترە لە بیدعەی شەڕعیەوە، چونکە بەشێکە لە بیدعە.

**١١- دکتۆر دەراز لەم بارەوە وتەیەکی وتووە کە ئەمە ناوەڕۆکەکەیەتی:**

وشەی بیدعە لە بەکارهێنانی شەڕعیدا، وەرچەرخاوە بۆ مانایەکی تایبەتتر لە ماناکەیدا لەوەی لە زمانەوانیدا بەکاردێت، لە سەردەمی یەکەمی ئیسلامدا حەقیقەتە شەڕعیەکەی ئەم چەمکە تەنها شتە پوچەڵەکانی گرتۆتەوە، ئەمەش ئەو ڕێگە داهێنراوانەن کە هیچ پاڵپشتێکیان نییە لە قورئان یان سوننەت یاخود ئەوەی لێیانەوە هەڵهێنجراو [١].

---

(١) الميزان بين السنة والبدعة ص ٥.

## پۆلێنبەندییەکانی بیدعە

**بیدعە چەند جۆرە دابەشکردنێکی هەیە، بە ڕەچاوکردنی چەند ڕەهەندێك:**

### یەکەم: دابەشکردنی بیدعە بۆ بیدعەی ئاسایی (عادیة) و بیدعەی خواپەرستی (تعبدیة)

شتی ئاسایی لە ڕووی شەرعەوە کە ڕۆژانە لە نێوان خەڵکدا ئەنجام دەدرێ، لە ڕەفتار و هەڵسوکەوت و هەوڵەکان، کە ئامرازن بۆ کاروباری دونیا و دەستەبەرکردنی بەرژەوەندییە دونیاییەکان: وەك ڕێکخستنی چاندن و کشتوکاڵ و پیشەسازی و جۆرەها پەیوەندییە دونیاییەکان لە نێوان خەڵکدا، ئەگەرچی نیازپاکی هاووێنەی ئەم کارانە دەگۆڕێت بۆ خواپەرستی کە خاوەنەکەی پاداشتی لەسەر وەردەگرێتەوە.

کاری خواپەرستی: کە لە بنەڕەتدا دانراون بۆ نزیکبوونەوە لە خوای پایەبەرز، بەبێ ڕەچاوکردنی ئەو کۆسپانەی دێنەپێشی، کە لەوانەیە

بیباتە دەرەوە لەوەی بۆی دانراوە لە بنەڕەتدا، وەك زیكر و نوێژ و حەج.

هیچ ڕاجیاییەك نییە لە نێوان زانایان كە بیدعە دەچێتە نێو بابەتەكانی بیروباوەڕ یان كردەوەكانی دڵ یان كردەوەكانی ئەندامەكانی جەستە، ڕاجیان سەبارەت بە ڕوودانی بیدعە لە شتە ئاساییەكاندا.

■■❑❑■■

## دووەم: دابەشكردنی بیدعە بۆ بیدعەی ڕاستەقینە (حقيقية) و بیدعەی خراوەپاڵ (إضافية)

شاتبی بیدعەی بۆ دوو جۆر دابەشكردووە: بیدعەی ڕاستەقینە و بیدعەی خراوەپاڵ.

شاتبی پێناسەی بیدعەی ڕاستەقینەی كردووە، بەوەی هەموو ئەو داهێنراوانە دەگرێتەوە كە بەڵگەی شەرعی لەسەر نەبێ لە قورئان و سوننەت و یەكدەنگی زانایان، و بەڵگەهێنانەوەیەكی جێی ڕەچاوكراوی لەسەر نەبێ بە ورد و درشتی، ئەگەرچی بیدعەچییەكە بانگەشەی ئەوە بۆ شوێنكەوتووانی بكات كە ئەم بیدعەیەی دەچێتە نێو بازنەی ئەوەی لە بەڵگەی هەڵهێنجاوە، لە كاتێكدا ئەو بەڵگەیەی پشتی پێبەستووە

لاواز و بێ بەهان. ئەمەش وەك ئەوە وایە کە ئەمە بیدعەی ڕاستەقینەبێ و ئەوانی تر خوازراون، بۆ نموونە:

حەڕامکردنی حەڵاڵێك یان حەڵاڵکردنی حەڕامێك، بە پشتبەستن بە بەڵگەی لاواز و بێ پاساوێکی شەڕعی یان مەبەستێکی دروست، داهێنانی خواپەرستی و نکۆڵیکردن لە بەڵگەبوونی سوننەت...

پێناسەی بیدعەی خراوەپاڵیشی کردووە بەوەی دوو کرچ و کاڵی هەیە:

**یەکەمیان:** لە لایەکەوە پەیوەستە بە بەڵگەیەکەوە، بەمەش لەم ڕووەوە نابێتە بیدعە.

**دووەمیان:** لەلایەکی ترەوە هیچ پەیوەندیەکی بە بەڵگەوە نییە، وەك بیدعەی ڕاستەقینە، واتە لەلایەك لەبەر ئەوەی پشتی بە بەڵگە بەستووە سوننەتە، لەلایەکی ترەوە بیدعەیە، چونکە پشتی بە گومان بەستووە نەوەك بە بەڵگە.

بۆیە ناوینراوە خراوەپاڵ، چونکە یەکلانەبووەتەوە بۆ هیچ لایەك، "ڕاشکاوانە پێچەوانەی شەڕع نییە" و "ڕاشکاوانەش کۆك و تەبا نییە لەگەڵیدا".

شاتبی بیدعەی – خراوەپاڵیشی – بۆ دوو بەش دابەشکردووە:

**یەكەم:** ئەوەندە لە بیدعەی ڕاستەقینە نزیك دەبێتەوە، تا وایلێدێ وەك بیدعەی ڕاستەقینە هەژمار دەكرێت.

دووەم: ئەوەندە لە بیدعەی ڕاستەقینە دووردەكەوێتەوە، تا وایلێدێ وەك سوننەتی تەواو هەژمار دەكرێت [1]؛

■■❑❑■■

---

[1] الإعتصام للشاطبي ١/ ١٧٩.

## سێیەم: دابەشکردنی بیدعە بۆ بیدعەی چاك (حسنة) و بیدعەی خراپ (سیئة)

هەروەك پێشتر خستمانەڕوو بیدعە دوو مانای هەیە: زمانەوانی و زاراوەی شەرعی.

بەپێی مانا زمانەوانیەکەی، ئەوا هەموو شتێکی داهێنراو دەگرێتەوە، جا ستایشکراو یان سەرزەنشتکراو بێ، لە پێش سەردەمی پێغەمبەری ڕێزدا (درود و سڵاوی خوای لێبێ) یان لە دواتری ڕوویدابێ...

بەڵام ماناکەی لە زاراوەی شەرعدا، ئەوا زانایان ڕاجیان لەسەری هەروەك خستمانەڕوو:

بەپێی بۆچوونی شافیعی و هاوڕاکانی، بیدعە هەموو ئەو شتانە دەگرێتەوە کە داهێنراون لە دوای سەردەمی پێغەمبەری خوا (درود و سڵاوی خوای لێبێ)، جا شتەکە چاك یان خراپ بێ..

هەندێکیان بەستویانەتەوە بەوەی لە دوای سەردەمی پێغەمبەری خوا (درود و سڵاوی خوای لێبێ) ڕوویدابێ و دژی سوننەتی ئەوبێ.

شاتبی ئەو کۆت و بەندەی بۆ زیاتر کردووە: کە مەبەست لێی خۆچواندن بێ بە خوای یاسادانەر، سەرباری ئەوەی شتەکە داهێنراوە و پێچەوانەی بەرنامەی خوای یاسادانەرە.

بە ڕوانینە ئەم مانا و بۆچوونانە، ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت دابەشکردنی بیدعە بۆ چاك و خراپ، دەگونجێ لەگەڵ مانای زمانەوانی بۆ چەمکی بیدعە، هەروەها دەگونجێ لەگەڵ تێڕوانینی شافیعی و هاوڕاکانی سەبارەت بە مانای بیدعە لە دیدگای شەرعدا.

**بەپێی ئەم مانا زمانەوانیە، بیدعە بۆ پێنج جۆر دابەش دەبێت:**

(١) **بیدعەی واجب:** هەموو ئەو شتانە دەگرێتەوە کە یاسا و بنچینەکانی واجب و بەڵگەکانی لە شەریعەت لەخۆیان دەگرن، ئەمەش هەموو شتانە دەگرێتەوە کە دەبنە مایەی پاراستنی ئایین یان ڕوونکردنەوەی حوکمەکانی و هاوشێوەی ئەمانە، بۆ نموونە:

کۆکردنەوەی قورئانی پیرۆز لە دوو توێی بەرگێکدا، ناچارکردنی خەڵك بۆ پابەندبوون پێیەوە، ڕووبەڕووبوونەوەی گشت هەوڵەکانی دوژمنانی ئایین بۆ شێواندنی قورئان و لەناوبردنیان یەك لە دوای یەك.

(٢) **بیدعەی حەڕام:** هەموو ئەو شتانە دەگرێتەوە کە یاسا و بنچینەکانی حەڕام و بەڵگەکانی لە شەریعەت لەخۆیان دەگرن، نموونەی

ئەم جۆرە شتانە گەلێك زۆرە، ئەمانە بیدعەی ڕاستەقینەن، کە زانایان کۆکن لەسەر ئەوەی ئەو بەڵگانەی هۆشداری لەبارەی بیدعەوە دەدەن، مەبەستیان ئەم جۆرەیانە، بۆ نموونە:

– ڕێباز و ئارەزووە خراپەکان، کە پێچەوانەی قورئان و سوننەتن، وەك: ڕێبازی خەواریج، هەندێك لە بۆچوونەکانی موعتەزیلە، هەروەها وتنی ئەوەی خوای گەورە جەستەی هەیە و بە بەدیهێنراوانی دەچێ، هاوشێوەی ئەمانە.

(٣) **بیدعەی سوننەت:** هەموو ئەو شتانە دەگرێتەوە کە یاسا و بنچینەکانی سوننەت و بەڵگەکانی لە شەریعەت لەخۆیان دەگرن، بۆ نموونە:

أ– ئەنجامدانی نوێژی تەراویح بەکۆمەڵ لە مزگەوتدا، لە مانگی ڕەمەزاندا.

ب– هەر چاکەیەك کە لەسەردەمی یەکەمی ئیسلامدا باو نەبووبێ، پێچەوانەی شەریعەتیش نەبێ، وەك: نەخشەدانان بۆ ڕێگاکان، ئاسانکارییەکانی ژیان و گوزەران بە دروستکردنی تەلار و خانووی تۆکمە و فراوان و فەراهەمکردنی ئاو و کارەبا و پێداویستییەکانی تری ژیان.

**پ-** ڕێکخستنی خوێندنی ئاینی، بەکارهێنانی ئامرازی گونجاو بۆ دیاریکردنی شیاوترین، وەك سیستەمی تاقیکردنەوەکان و هتد.

**(٤) بیدعەی ناپەسەند:** هەموو ئەو شتانە دەگرێتەوە کە یاسا و بنچینەکانی ناپەسەند و بەڵگەکانی لە شەریعەت لەخۆیان دەگرن، بۆ نموونە:

زیادکردنی ئەو سوننەتانەی بە شەرع دیاریکراون: وەك: وتنی: هەر یەك لە (سبحان الله) و (الحمد لله) و (الله أكبر) زیاتر لە ٣٣ جار، لە دوای نوێژ بەمەبەستی پشتکردنە فەرمانی خوا و تێپەڕاندنی سنووری سوننەت، چونکە ئەمەیان دەبێتە دەرچوون لەوەی پێغەمبەری خوا (درود و سڵاوی خوای لێبێ) دیاریکردووە، ئەگەر مەبەست و نیازێکی چاکیشی لە پاڵبێ، ئەوا هەر شتێکی ناپەسەندە، چونکە گەورەکان ئەگەر شتێکیان دیاریکرد، دەبێ لە ئاستیدا هەڵوەستە بکرێ و نەبەزێنرێ.

**(٥) بیدعەی ڕێپێدراو:** هەموو ئەو شتانە دەگرێتەوە کە یاسا و بنچینەکانی ڕێپێدراو و بەڵگەکانی لە شەریعەت لەخۆیان دەگرن، بۆ نموونە:

– فراوانكاری لە شتە حەڵاڵەكان بەوەی كە دەرنەچێ بۆ نێو بازنەی ناپەسەند یان حەڕام، وەك خواردنی ئەوەی دەروون حەزی لێیەتی و ئەو خواردنانەی ئارەزوویان دەكات، بەكارهێنانی ئەو پۆشاك و شوێنی نیشتەجێبوون و...هتد كە حەزی لێیەتی. یاسا و ڕێسا لەمەدا ئەوەیە هەروەك قەڕافی وتویەتی: بیدعە دەبێ بخرێتەبەر ڕۆشنایی بەڵگە و بنچینەكانی شەریعەت، هەر بنچینەیەكی شەریعەت بیدعەكەی لەخۆگرت ئەوا هەمان حوكم وەردەگرێ، ئەگەر واجب بوو، ئەوا واجب وەردەگرێ و ئەگەر حەڕام بوو حەڕام یان حوكمەكانی تر [١].

■■❑❑■■

---

(١) الفروق للقرافي، ٤/ ١٩١.

## چوارەم: دابەشکردنی بیدعە بۆ بیدعەی کرداری (فعلیة) و بیدعەی تەرککردن (ترکیة)

بیدعە؛ هەروەك چۆن ئەو کردارە دەگرێتەوە کە پێچەوانەی سوننەتە، بەهەمان شێوە ئەو تەرککردنەش دەگرێتەوە کە پێچەوانەی سوننەتە، ئەگەر موسڵمانێك سوربوو لەسەر تەرککردنی ڕێپێدراوێك لە شتە چاك و پاکەکان بەبێ هۆکارێکی پەسەندکراو، هۆکاری پەسەندکراو وەك: ئەوەی بە خواردنی شتێك نەخۆشییەکەی زیادببێ، یان بەهۆیەوە تووشی زیانێك ببێ، یان پێی وترابێ گومان هەیە لە چۆنیەتی بەدەستهێنانی شتەکە، جا ئەگەر تەرککردنەکەی بە شێوەیەك نەبێ کە پێی حەڕام بێ، بەوەی هەر کاتێك حەزی لێبێ بیخوات، ئەوا ئاساییە و هیچ گوناهێکی تێدا نییە، چونکە لە شتە ڕێپێدراوەکاندا کردن و نەکرد وەك یەکە.

بەڵام ئەگەر لەخۆی حەڕامکرد، یان نەزری کرد بەڕەهایی خواردنی تەرك بکات یان بۆ ماوەیەکی دیاریکراو نەیخوات، ئەوا بەم لە خۆ حەڕامکردنە بیدعەچییە، ئەگەر نەزریشی کردبێ هەر بیدعەچییە، دەچێتە نێو چوارچێوەی پشتکردنە سوننەت، هەروەك پێغەمبەری خوا

(درود و سڵاوی خوای لێبێ) بەو کەسەی کە دەویست هەموو ڕۆژێك بەڕۆژوو بێ، و ئەوەی دەیویست بێ پچڕان هەموو شەوێژ شەونوێژ بکات، ئەوەی دەیویست ژن نەهێنێ، فەرمووی: "فمن رغب عن سنتي فليس مني"[1] واتە: **ئەوەی پشت لە سوننەتەکەم بکات، ئەوا لە من نییە**. جا هەڵوێستی ئەم کەسانە لەم لەخۆ حەڕامکردنە یان نەزرکردن بەوەی تەرکی ئەم ڕێپێدراوانە بکەن، بریتییە لە هەڵوێستی نەوەی ئیسرائیل، بۆیە پێغەمبەری خوا (درود و سڵاوی خوای لێبێ) فەرمانی پێکرد بە وازهێنان لەم گوناهە، چونکە نەزرکردن بە تەرککردنی شتی ڕێپێدراو گوناه و تاوانە، و فەرمانی پێکرد بەوەی نەزرەکەی بەجێنەگەیەنێ.

یەکێك لە زەقترین دیاردەکانی بیدعەی تەرککردن لەم سەردەمەماندا، وازهێنانە لە کارکردن بە حوکمەکانی ئایین، چونکە حوکمەکانی ئایین پاشکۆی دەقەکانی ئاینن، و وازهێنانی موسڵمانان لە داپۆشینی شەرمگە (عەوڕەت)، هەروەها نەدانی زەکات و وازهێنانی

---

[1] البخاري (٩/ ١٠٤) ٦٧ – كتاب النكاح. ١ – باب الترغيب في النكاح.
مسلم (٢/ ١٠٢٠) ١٦ – كتاب النكاح. ١– باب استحباب النكاح لمن تاقت نفسه إليه ووجد مؤنة، واشتغال من عجز عن المؤن بالصوم.

کاربەدەستان لە کۆکردنەوەی زەکات و دامەزراندنی فەرمانبەر لەسەری.

سەربارى ئەوەی وازیان لە زۆرێك لە سونەتەکان هێناوە و گۆڕیویانەتەوە بە بیدعە. دەربارەی بیدعە کردارییەکانیش، ئەوا گەلێك زۆرن، لەوانە هەڵبەستنی فەرمووده بە ناوی پێغەمبەری خواوە (درود و سڵاوی خوای لێبیّ)، و زیادکردنی شتانێك بۆ شەریعەتی خوا، کە بەشێك نین لە شەریعەت، وەك: ئەوەی ڕکاتێك بۆ نوێژ زیاد دەکات، یان کات زیاتر بکات لەو کاتەی بۆ ڕۆژوو دیاریکراوە، یان نوێژ بکات لەو کاتانەی ڕێگری کراوە لە نوێژکردن تێیاندا، یان بەڕۆژووبوون لەو کاتانەی ڕێگری کراوە لەوەی تێیدا بەڕۆژووبن، یان هێنانە ناوەوەی چەند بۆچوون یان کردارێك بۆ نێو ئایین کە بەشێك نین لێی.

■■❑❑■■

## پێنجەم: دابەشکردنی بیدعە بۆ بیدعەی بیروباوەڕی (اعتقادیة) و بیدعەی گوفتاری (قولیة) و بیدعەی کرداری (عملیة)

بیدعە دابەش دەبێت بۆ ئەم سێ جۆرانە، لەوانە بیدعە لە بیروباوەڕدا: ئەگەر هاتوو بیروباوەڕەکە پێچەوانەی ئەو بیروباوەڕە بوو کە پێغەمبەری خوا (درود و سڵاوی خوای لێبێ) هێنا بووی، وەك بیدعەی موجەسیمە (ئەوانەی جەستە بۆ خوا دادەنێن) و خەواریج و هاوشێوەکانیان.

بیدعە لە گوفتاردا: ئەگەر هاتوو فەرموودەی پێغەمبەری خوا (درود و سڵاوی خوای لێبێ) گۆڕانی تێدا کرا، یان وتەیەك کە پێچەوانەی سوننەت بێت، وەك وتەی بیدعەچییەکان لەبارەی ئەو ڕاجیاییە ناودارانەی هەن، کە بە ڕوونی دیارە خراپ و ناشرینە.

بیدعە لە کرداردا: کردەوە دیار و بەرچاو، وەك نوێژ بەپێچەوانەی ئەوەی کە لە پێغەمبەری خواوە (درود و سڵاوی خوای لێبێ) هاتووە و هاوشێوەی ئەمانە، کردەوەی شاراوە: وەك هەڵسوکەوت کردن لەگەڵ بێ باوەڕاندا بە دووڕوویی یان بەجۆرێك کە پێچەوانەی برایەتی ئیمانی بێ لە خۆشەویستی و دڵسۆزی و هاوشێوەی ئەمانە.

شایەنی ئاماژە پێدانە، بیدعەی بیروباوەڕی مەترسیدارترین جۆری بیدعەیە، زۆربەی دەقە ڕەهاکانی شەریعەت کە هاتوون لەبارەی سەرزەنشتی بیدعەوە، سەرزەنشتکردنی ئەم جۆرە دووپات دەکاتەوە، هەر ئەم زووتر دێتە نێو هۆش کاتێك ناوی بیدعە لە ڕووی شەڕعەوە یان بیدعەچی یان ئارەزووبازەکان بەکاردەهێنرێ.

■■❑❑■■

## شەشەم: دابەشکردنی بیدعە بۆ بیدعەی گشتی (کلیة) و بیدعەی لاوەکی (جزئیة)

بیدعە فرە جۆرە لە ڕووی شوێنەوارەکانیەوە، هەروەها لە ڕووی ئەو کەموکورتیانەی بەهۆی بیدعەوە لە شەریعەتدا ڕوودەدەن.

ئەگەر شوێنەوار و جێکەوتی بیدعەکە تەنها لەسەر بیدعەچییەکە کورت نەبووەوە و بەڵکو کەسانی تریشی گرتەوە، ئەوا دەبێتە بیدعەیەکی گشتی، بەهۆی ئەوەی زۆ شتی گرتۆتەوە یان لە نێو زۆرێك لە تاکەکاندا ڕەنگی داوەتەوە، وەك بیدعەی بە چاك و خراپدانانی شتەکان بە عەقڵ لە جیاتی شەڕع، و بیدعەی نکۆڵی کردن لە

بەڵگەبوونی فەرموودەی تاقانە (ئاحاد) یان نکۆڵی کردن لە کارکردن بە مانای فەرموودەی تاقانە (ئاحاد)، هاوشێوەی ئەمانە.

ئەگەر شوێنەواری بیدعەکە کورت ببووە لەسەر بیدعەچییەکە، شوێنەوارەکەی کەسانی تر نە تەنێتەوە، ئەوا بیدعەیەکی لاوەکییە، وەك ئەوەی کەسێك کارێکی پێچەوانەی سوننەت بکات و پێی وابێ شتێکی چاکە لە دیدی شەرعدا، شوێنەواری ئەم سەرپێچیە کەسانی تر ناگرێتەوە، چونکە بایەخی پێنادرێ و سەنگی بۆ دانانرێ، بیدعەچییەکەش یەکێك نەبێ لەوانەی لە بۆچوون و کردەوەدا لاساییان دەکرێتەوە.

■■❑❑■■

## حەوتەم: دابەشکردنی بیدعە بۆ بیدعەی سادە (بسیطة) و بیدعەی ئاڵۆز (مرکبة)

بیدعە دەبێتە بیدعەیەکی سادە، ئەگەر هاتوو تەنها سەرپێچییەکی سادە بێ، و هیچ سەرپێچییەکی تر بەدوای خۆیدا نەهێنێ.

بیدعە دەبێتە بیدعەیەکی ئاڵۆز، ئەگەر هاتوو چەندین بیدعەی لێکدراو و بەیەکداچووی لەخۆگرتبوو و وەك یەك بیدعەیان لێهاتبوو.

ئێمە ئەگەر بە فراوانی بچینە نێو توێژینەوەی چەمکی بیدعە (١) بۆ کپکردنی توندی و پەڕگیری هەندێك لە زیادەڕۆچووان، ئەوا هەمیشە بانگەواز دەکەین بۆ لێکۆڵینەوە لەبەر ڕۆشنایی قورئانی پیرۆز و سوننەتی بەپێز و ژیاننامەی پێغەمبەری خوا (درود و سڵاوی خوای لێبێ) و هاوەڵانی (خوایان لێ ڕازیبێ).

ئەم بەشە کۆتایی پێدەهێنین – بە جەختکردنەوە لەوەی لێرەدا خستمانەڕوو – بەم دەقانەی خوارەوە:

---

(١) یەکێك لە سەرچاوەکانی پێناسەی بیدعە و پۆلێنبەندییەکانی، ئەم کتێبەیە: البدعة تحديدها و موقف الإسلام منها. للدكتور عزت علي عطية.

ئەگەر پرسیارێك لە ئیبن عەبباس (خوای لێ ڕازیبێ) کرابایە، ئەوا بە قورئان وەڵامی دەدایەوە ئەگەر تێیدا بووبا، ئەگەر لە قورئاندا نەبووبایە، ئەوا بە فەرموودەی پێغەمبەری خوا (درود و سڵاوی خوای لێبێ) وەڵامی دەدایەوە، ئەگەر تێیدا بووبا، ئەگەر تێیدا نەبووبا، ئەوا بە شوێنەواری ئەبو بەکر و عومەر (خوایان لێ ڕازیبێ) وەڵامی دەدایەوە، ئەگەر نەبووبایە، ئەوا بە ڕای خۆی وەڵامی دەدایەو ( ).

**ئوبەی کوڕی کەعب (خوای لێ ڕازیبێ) وتویەتی:** تەنها پابەندبوون بە ڕێباز و سوننەتی پێغەمبەرەوە (درود و سڵاوی خوای لێبێ)، هەرچەندە بە کەموکورتی، چاکترە لە کۆششکردن لە بە پێچەوانەی ڕێباز و سوننەتی پێغەمبەرەوە (درود و سڵاوی خوای لێبێ). هاوشێوەی ئەم قسەیە لە ئیبن مەسعودیشەوە (خوای لێ ڕازیبێ) هاتووە.

**ئیبن عەون وتویەتی:** سێ شتم بۆ خۆم و برایانم پێ خۆشە: فێری سوننەت بن و پرسیاری لەبارەوە بکەن، لە قورئان تێبگەن و پرسیاری لەبارەوە بکەن، وازیش لە خەڵك بهێنن تەنها لە چاکە و خێردا نەبێ.

---

**()** الدارمي (١/ ٥٩) المقدمة – ١٩ – باب الفتيا وما فيه من الشدة.

**ئەوزاعی وتویەتی:** هاوەڵانی پێغەمبەری خوا (درود و سڵاوی خوای لێبێ) لەسەر پێنج شت بوون: پابەندبوون بە کۆمەڵی موسڵمانانەوە، شوێنکەوتنی سوننەتەوە، ئاوەدانکردنەوەی مزگەوت، خوێندنەوەی قورئانی پیرۆز، و تێکۆشان لە پێناوی خوادا.

# ناوەڕۆك


| لاپەڕە | بابەت |
| --- | --- |
| ٥ | پێشەکی وەرگێڕ |
| ٧ | بیدعە |
| ٥٨ | بیدعە لە زمانەوانیدا |
| ٥٩ | بیدعە لە زاراوەدا |
| ٦٩ | پۆلێنبەندییەکانی بیدعە |
| ٦٩ | یەکەم: دابەشکردنی بیدعە بۆ بیدعەی ئاسایی و بیدعەی خواپەرستی |
| ٧٠ | دووەم: دابەشکردنی بیدعە بۆ بیدعەی ڕاستەقینە و بیدعەی خراوەپاڵ |
| ٧٣ | سێیەم: دابەشکردنی بیدعە بۆ بیدعەی چاك و بیدعەی خراپ |
| ٨٧ | چوارەم: دابەشکردنی بیدعە بۆ بیدعەی کرداری و بیدعەی تەرککردن |
| ٨١ | پێنجەم: دابەشکردنی بیدعە بۆ بیدعەی بیروباوەڕی و بیدعەی |

| | |
|---|---|
| گوفتاری و بیدعەی کرداری | |
| شەشەم: دابەشکردنی بیدعە بۆ بیدعەی گشتی و بیدعەی لاوەکی | ٨٢ |
| حەوتەم: دابەشکردنی بیدعە بۆ بیدعەی سادە و بیدعەی ئاڵۆز | ٨٤ |
| ناوەڕۆک | ٨٧ |

چاپخانەی شوان
0750 792 0775